# سنوری گۆڤەری کۆیە

**هێمن عبدالحمید شمس**
بەشی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ناونیشانی توێژینەوەکە (سنوری گۆڤەری کۆیە)یە، لە پێشەکی و چوار بەش و ئەنجام و ڕاسپاردە پێکهاتووە. کار لەسەر (بڵاوبونەوە و تیۆریی شەپۆلەکان) کراوە. بەپێی چۆنیەتیی کارکردنی تیۆرییەکە فۆرمێک داڕێژرا، کە ئاستە زمانییەکانی دەنگسازی و ڕێزمان، لەخۆدەگرێت. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی سێ مامۆستای پسپۆر لە زمانەوانی، کاری لەسەر کرا .

فۆرمەکە چەند دیاردە و تایبەتمەندییەکی گۆڤەری کۆیە لەخۆدەگرێت، بەدوای ئەو تایبەتییانەدا ڕۆیشتوین، لە گۆکردن و یاسا فۆنۆلۆژییەکان و هەندێک مۆرفیم و چەند یاسایەکی ڕێزمانی، لە هەر شوێنێکی سنوری توێژینەوەکەدا هاوبەشی و جیاوازی (واتە بەردەوامی، یان نەمانی دیاردەکە)، هەستپێکرابێت، دەستنیشان کراوە و داتاکان بە خشتە و شێوە و نەخشە ڕونکراونەتەوە.

ئەو کەسانەی داتایان لێ وەرگیراوە، دانیشتو و ئاخێوەری گۆڤەر و سنوری توێژینەوەکەن (شارەدێ و گوندەکان)، تەمەنیان لە نێوان (٢٢ – ٧٠) ساڵدایە، خوێندەوار و نەخوێندەواریان تێدایە، لە هەردو ڕەگەز و پێگە و پیشەی جیاوازیان هەیە، سەرجەمیان توێژەر خۆی پرسیارەکانی ئاراستە کردون. هەروەها توێژەر خۆی ئاخێوەر و دانیشتوی سنوری ناوچەی توێژینەوەیە.

نەخشەی ئەم توێژینەوەیە لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە وەرگیراوە و بە بەرنامەی (Arc GIS )، تازەکراوەتەوە. داتاکانمان لە (١٣٦) شوێن کۆکردۆتەوە سەنتەری قەزا، (٥)ناحیە، (١٣٠) گوند) و بە بەرنامەی(SPSS) شیکراونەتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** زار، گۆڤەر، دابەشبونی زمان، زمانەوانی، تیۆریی شەپۆلەکان.

## ١. پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە (سنوری گۆڤەری کۆیە)یە. لە چوارچێوەی زمانەوانیی جوگرافیدایە، لە زمانەوانیی کارەکیدا. بەپێی تیۆریی شەپۆلەکان بە ڕێبازی پەسنیی کارەکی، لە ئێستای گۆڤەرەکەدا، ئەنجامدراوە. دیاریکردنی سنوری زار و شێوەزار، کارێکی سانا نییە؛ بێگومان تا زمان زیاتر دابەشببێت، ئەم کارە گرانتر دەبێت. یەکەم توێژینەوەیە کار لەسەر ئەم تیۆرییە بکات لە سنوری گۆڤەری کۆیەدا. سودی بۆ دیاریکردنی سنور و ڕادەی بڵاوبونەوەی کەرەستە و یاسا زمانییەکان هەیە. ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی سنوری گۆڤەرەکە و خستنەڕوی کاریگەریی ئاڵوگۆڕی یەکە زمانییەکانیەتی لەگەڵ شێوە ئاخاوتنەکانی دەوروبەریدا. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئامرازی پەیڕەوکراو لە توێژینەوەکە کۆکردنەوەی داتایە لە فۆرمێکدا، لەسەر بنەمای تیۆریی شەپۆلەکان و بەردەوامیی دیالێکتی، لە سنوری کارگێڕیی قەزای کۆیەدا.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و چوار بەش و ئەنجام و ڕاسپاردە پێکهاتووە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان. بەشی یەکەم چەند ناونیشانێک لەخۆدەگرێت، لەوانە: زمانەوانی، زمانەوانیی جوگرافی، گۆڤەر... هتد. بەشی دووەم تایبەتە بە ناساندنی گۆڤەری کۆیە و تایبەتمەندییەکانی. بەشی سێیەم بۆ تیۆریی شەپۆلەکان و بەردەوامیی دیالێکتی، ناساندن و چۆنیەتیی کارکردنیان و هەندێک تێبینی تەرخان کراوە. لە بەشی چوارەمدا، کە لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، داتا کۆکراوەکان و نەخشە زمانییەکان خراونەتەڕو، لەگەڵ چەند ئەنجامێک.

### بەشی یەکەم – زمان و جوگرافیا

#### ١-١. زمانەوانی

زمان، دیاردەیەکی مرۆییی فرەڕەهەندی ئاڵۆزە، توخمێکی سەرەکیی پێکهێنانی کۆمەڵ و هۆکارێکی گرنگی مانەوەیەتی، ئەو زانستەش لەم دیاردەیە دەکۆڵێتەوە، زمانەوانییە. زمانەوانی، زانستێکە توێژینەوە لە گشت دیاردە زمانییەکانی زمانی مرۆڤدا دەکات، لە هەر کۆمەڵێکدا بێت؛ سەرەتایی، یان

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٩ تەموز ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٩ ئاب ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٦ کانوونی دووەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: hemin.shams@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ هێمن عبدالحمید شمس ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

پێشکەوتو، چونکە زمان ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە (سوسور، ١٩٨٨، ٢٤). زمانەوانی، توێژینەوەی زانستیانەیە لە زمان، بەو تێڕوانینە سۆسۆریە کە توێژینەوەیەکی زمانی لە ناو خودی زماندا و لە پێناو خودی زماندا بێت (غلفان، ٢٠١٠، ١٩٣، ١٩٤). بەدەربڕینێکی دیکە زمانەوانی ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لە گشت ئاست و لایەنە جیاوازەکانی زماندا دەکات (الخولی، ٢٠٠٠، ٢٥). بە دو شێوە لە زمان دەکۆڵێتەوە، واتە دو لقی هەیە، کە زمانەوانیی تیۆری و زمانەوانیی کارەکین. هەریەک لەم لقانەش چەندین لقی دیکەی زانستی لەخۆدەگرن، کە لە زمان دەکۆڵنەوە. (فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی، وشەسازی (مۆرفۆلۆجی)، ڕستەسازی (سینتاکس)، واتاسازی (سیمانتیک)، مێژوی زمان، بەراوردی زمانی)، لقە زانستییەکانی زمانەوانیی تیۆرین. (فێرکردنی زمان، تاقیکردنەوەی زمانی، تاقیگەی دەنگ، زمانەوانیی دەرونی، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زمانەوانیی جوگرافی، زمانەوانیی ئامێری، زمانەوانیی ئەنترۆپۆلۆژی، وەرگێران، فەرهەنگسازی، ... هتد)، لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکین. (سەعید، ٢٠١١، ٧)، (الخولی، ٢٠٠٠، ٢٥ – ٢٦).

### ١-١-١. زمانەوانیی جوگرافی

قێکە لە زمانەوانیی کارەکی، توێژینەوە لە هەژمونی هەڵکەوتەی جوگرافیی ژینگە لەسەر زمان دەکات. بە دەربڕینێکی دیکە، لە پەیوەندی و کارلێکی نێوان زمان و ژینگەی سروشتی دەکۆڵێتەوە.

لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی سنوری بەکارهێنانی زمانێکدا، جیاوازیی دەنگی هەیە، زمانەوانیی جوگرافی، ڕێژەی بڵاوبونەوە و بەکارهێنانی وشەکانی زمانێک، لە ناوچە جیاوازەکاندا دەستنیشان دەکات و کەتوار (واقع)ی زمان و زارمان بۆ دەخاتەڕو (عبدالتواب، ١٩٩٧، ١٤٧- ١٤٨). زمانەوانیی جوگرافی، لەو ڕوانگەیەوە توێژینەوە لە زماندا دەکات، کە زمان بەشێکە لە هەڵکەوتەی جوگرافیی کۆمەڵ (استيتية، ٢٠٠٨، ٦١٧). بە دەربڕینێکی دیکە، هەروەک چۆن زمان بە کۆمەڵەوە پەیوەستە، هەر بەم شێوەیەش لە لایەنی جوگرافییەوە بە ژینگە و شوێنێکی دیاریکراوەوە پەیوەستە. جۆراوجۆریی جوگرافی، گرنگترین و یەکەم بابەتە کە زمانەوانی تێبینیی کردووە (سوسور، ١٩٨٨، ٢١٤). بە تێڕوانینی (سوسور)، ئامانجی زمانەوانیی جوگرافی، دەرخستنی مەودای بڵاوبونەوەی دیاردە زمانییەکانە (نهر، ١٩٨٨، ١٠٦). ئەمەش کرۆکی ئەم توێژینەوەیە.

زمانەوانیی جوگرافی، لە یەک کاتدا، لە زمانەوانیی (مێژویی و پەسنی و بەراورد)دا کاردەکات، هەرچەندە خۆی لقێکی زمانەوانیی کارەکییە (العزاوي، ٢٠٠١، ٢٢٥-٢٢٦)، چونکە باس لە مێژوی گۆڕانی زمان دەکات و پەسنی ئێستای زمانەکە دەکات، لە هەمان کاتدا لەگەڵ زمان یان زارێکی دیکەدا بەراوردی دەکات. یەکێک لە سیما جیاکەرەوەکانی زمانەوانیی جوگرافی، لە لقەکانی دیکەی زمانەوانیی کارەکی، ئەوەیە زمانەوانیی جوگرافی لە ئێستای زمان یان زار دەکۆڵێتەوە، لە ژینگەیەکی دیاریکراودا، زانیارییەکانی لەسەر نەخشەیەکی جوگرافی دەخاتەڕو. زانیارییەکان زۆر ورد و بابەتیانەن، گشت ئاستەکانی دەنگسازی و ڕێزمان و واتاسازی دەگرنەوە. یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئەم لقە زانستییە، دانانی ئەتڵەسی زمانییە (عبدالتواب، ١٩٩٧، ١٤٧). زارناسی (دیالێکتۆلۆژی)یش لقێکی زانستی زمانە و گرنگی بە شیکردنەوە و پەسنکردنی جۆراوجۆریی زارە ناوخۆیی و کۆمەڵایەتی و کاتییەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات، تایبەتمەندی و جیاوازییە دەنگی و ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانی زارەکان دەردەخات لەگەڵ چۆنیەتیی دابەشبونی جوگرافییان (العزاوي، ٢٠٠١، ٢١٨)، هەروەها پەیوەندیی نێوان زار و کۆمەڵ، زار و زمانی فەرمی دیاری دەکات. (غلفان، ٢٠١٠، ٤٧).

### ٢-١. هەژمونی ژینگە لەسەر زمان

هەڵکەوتەی جوگرافی و ژینگەی سروشتی، کاریگەرییان لەسەر کلتور و ڕۆشنبیریی گەلان هەیە، بێگومان ئەمەش لە زماندا ڕەنگدانەوەی دەبێت (السمرائی، ١٩٨١، ٣١). ئەم ڕەنگدانەوەیە لە دو شێوەدا دەردەکەوێت:

### ١-٢-١. هەژمونی ژینگە لەسەر فەرهەنگی زمان:

ژینگەی سروشتی و دەوروبەر، هەژمونیان لەسەر پۆلێن و ناونانی شتەکانی دەوروبەری مرۆڤ هەیە. هەبونی چەندان هێما (ناو) بۆ دیاردەیەکی سروشتی لە زمانێکدا و نەبونی یان کەمی و دەگمەنیی هێما بۆ هەمان دیاردە لە زمانێکی دیکەدا، هەژمونی ژینگەی جوگرافییە لەسەر زمان، وەک زۆریی هێماکان بۆ دیاردەی (شاخ و پێکهاتەکانی) لە زمانی کوردیدا و کەمیی هێماکان بۆ هەمان دیاردە لە زمانی عەرەبیدا، یاخود (زۆریی هێما بۆ دیاردەکانی (بیابان، خورما و جۆرەکانی، ئەسپ، شمشێر) لە زمانی عەرەبیدا و زۆریی ژمارەی هێماکان بۆ دیاردەی (بەفر و جۆرەکانی) لە زمانی ئەسکیمۆ (ئینیوت)دا، یان زۆریی ژمارەی ئەو مۆرفیمە وشەداڕێژانەی دەچنە سەر (بەفر- لە زمانی ئەسکیمۆدا) بۆ داڕشتنی ئەو هێمایانەی سەر بە کێڵگەی واتاییی (بەفر)ن لەو زمانەدا، بە بەراورد لەگەڵ هێماکانی زمانێک، لە ژینگەیەکدا بەکاردێت بەفری لێ نابارێت) (مرابط، ٢٠٠٩، ٢٤). ئەمە هەژمونی سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافیی ژینگەیە لەسەر زمان.

### ٢-٢-١. هەژمونی ژینگە لەسەر دابەشبونی زمان:

دابەشبونی هەر زمانێک بۆ چەند زار و شێوەزار و گۆڤەر و ... هتد، بارێکی سروشتییە و بەرهەمی گەشە و گۆڕانی زمان و چەند هۆکارێکی دیکەیە، یەکێک لە هۆکارەکان جۆراوجۆریی ژینگەی جوگرافیی زمانەکەیە. هەمو دیاردەیەکی سروشتی و جوگرافی (چیا، ڕوبار، دارستانی چڕ و فراوان، بیابان، ... هتد)، بە درێژاییی مێژو، هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ دابەشبونی زمان و سەرهەڵدانی زار و شێوەزارەکانی زمان، چونکە هۆکارێکی دابڕانی ئاخێوەرانی زمان و لاوازی و نەهێشتنی پەیوەندییە مرۆییەکان بوون. (الخولی، ٢٠٠٠، ١٦٤)

دابەشبون، ئەنجامی گەشەی سروشتیی زمانە و ئەم دابەشبونەش هۆکاری پەیدابونی ئەو هەمو زمانەیە و کۆمەڵی مرۆییی بەسەر ئەم هەمو زمانەدا دابەش کردووە (السمرائی، ١٩٨١، ٣٢). بەپێی ئەم بۆچونە، دابەشبونی کۆمەڵی مرۆیی، دابەشبونێکی زمانییە. دابەشبونی زمان تەنیا بەهۆی گەشە و گۆڕانی زمانەوە ڕونادات؛ بەڵکو گەلێک هۆکار هەن بۆ دابەشبون، گەشە و گۆڕانی زمان یەکێکیانە، تەنانەت گەشە و گۆڕانی زمانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەڵکەوتەی جوگرافیی ژینگەی زمانەکەوە، چونکە سروشتی خاک و تایبەتمەندیی کەشوهەوا، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر چۆنیەتیی درکاندنی دەنگەکانی زمان هەیە (طلیمات، ١٩٩٧، ٤٠).

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

**١-٣. گۆڕانی زمان**

گۆڕان، بریتییە لە دروستبونی جیاوازی لە دیاردەیەک، لە کات و شوێنی جیاوازدا. گۆڕان، یاسایەکی سروشتییە و گشت دیاردەیەک دەگرێتەوە، بە زمانیشەوە. مەبەست لە گۆڕانی زمان، دروستبونی جیاوازییە لە دیاردە و ئاستەکانی زمان (دەنگسازی، ڕێزمان، واتاسازی) بە ڕێژەی جیاواز، لە کات و شوێنی جیاوازدا. هیچ زمانێک لە گۆڕان بێبەری نییە، بەڵام دیسان بە ڕێژەی جیاواز.

زمان، لە ئاستەکانی (دەنگسازی، وشەسازی و ڕێزمان)دا گەشەدەکات، کە زیادکردن و کەمکردنیش لەخۆدەگرێت و دەشێ هەستپێکراو بێت یان شاراوە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز گەشەدەکەن؛ هەندێکیان خێرا و هەندێکیان لەسەرخۆ، ئەنجامی ئەم گەشەکردنەش گۆڕانی زمانە. (استیتیة، ٢٠٠٨، ٥٩٦).

جیاوازیی زمانی، بە جیاوازیی کات، شتێکە هەمو کەس درکی پێناکات، بەڵام جۆراوجۆریی زمانی و جیاوازیی زار و شێوەزارەکان، بە جیاوازیی شوێن هەڵکەوتەی جوگرافی، دیاردەیەکە هەمو کەسێکی ئاسایی درکی پێدەکات، تەنانەت کەسێکی نەخوێندەوار و خێڵەکییش کە هیچ زانیارییەکی سەرەتاییی دەربارەی زمانەوانی نەبێت، دەزانێت کە ئەندامانی خێڵێکی دیکە هاوشێوەی ئەندامانی خێڵەکەی خۆی زمانەکە بەکارناهێنن و جیاوازییان هەیە (سوسور، ١٩٨٨، ٢١٤).

کات و شوێن، دو ڕەهەندی سەرەکیی گۆڕانی زمانن. هەمو (بون) بریتییە لە (کات) و (شوێن)، بە زمانیشەوە. زمان، وەک سیستەم و دیاردەیەکی فرە ڕەهەند، لەژێر هەژمونی کات و شوێندایە؛ بە تێپەڕبونی کات جیاوازی لە کۆی سیستەم و دیاردەکە، لە شوێنی جیاوازدا ڕودەدات، دەبنە هۆی گۆڕانی زمان. گۆڕانی زمان بە دو ئاراستەی ستونی (کات) و ئاسۆیی (شوێن)، ڕودەدات:


**١.٣.١. گۆڕانی ستونی:** مەبەست لەو گۆڕانانەن بە تێپەڕبونی کات لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوی زمانێکدا ڕودەدەن. هۆکارە مرۆیی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سەربازی و ڕامیاری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ... هتد، دەبنە هۆی کاریگەریی زۆر و ئاڵۆز لە دەنگ و مۆرفیم و وشە و گرێ و ڕستە و واتادا (الخولی، ٢٠٠٠، ١٥٤-١٥٥)، کە لە چەند شێوەیەکدا خۆدەنوێنن:

١.فراوانبونی زمان: زمان بە بیری مرۆڤەوە پەیوەستە؛ تا بیری مرۆڤ پێشکەوتوتر بێت؛ شارستانیەت و داهێنان زیاتر و فراوانتر دەبن، ئەمانەش ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە و هۆکاری گەشەکردن و فراوانبونی زمانن. بە هۆی فراوانبونی ئاسۆی بیری ئاخێوەران و داهێنانەکانیان، زمانیش فراوان دەبێت و پێویستی بە وشەی تازە و لێکدان و ڕیزکردنی نوێی کەرەستە زمانییەکان دەبێت، یان لە ڕێگای وەرگرتن و وەرگێڕانەوە پێویستییە زمانییەکان دابیندەکرێن. ئەمەش واتای گۆڕانی زمان دەگەیەنێت و جیاوازیی فەرهەنگی هەمو زمانەکانیش، بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، ئەمە دەسەلمێنن. بە دەربڕینێکی دیکە، ژمارەی ئەو وشە و زاراوانەی هەر زمانێک، کە لە مێژویێکی دوردا پێویستبون و هەبون، زۆر کەمتر بووە لە ئێستای زمانەکە یان لە ئایندەیەکی پێشکەوتوتردا. واتە زمان بەردەوام فراوان دەبێت. ئەمەش بەشێکە لە گۆڕانی زمان، بە تێپەڕبونی کات ڕودەدات.

٢.مەیلی ئاسانکردنی زمان و ئابوریکردن (ئاسانبون): لە قۆناغی یەکەمدا (فراوانبون)، بە تێپەڕبونی کات، زمان فراوان دەبێت و وشە و کەرەستەکانی زیاد دەکەن و لەسەر ئاخێوەران قورس دەبێت، ئەمەش وادەکات ئاخێوەران هەمیشە هەوڵی ئاسانکردنی زمانەکە بدەن. ئاخێوەرانی هەر زمانێکیش حەز بە ئاسانیی کورتکردن و ئاخاوتن دەکەن (استیتیة، ٢٠٠٨، ٥٩٦)، بۆ ئەمەش ئابوریکردن/ئیکۆنۆمی (کەمکردنەوە لە بەخشیندا) (سالح، ٢٠١٠، ٥)، چارەسەرێکی گونجاوە. واتە دەربڕینی زۆرترین واتا، بە کەمترین وزە و کەرەستەی زمانی. بۆیە هەمو زمانەکانی دونیا، بە پێی سەردەم، بەئاراستەی نەرمی و ئاسانی هەنگاو دەنێن؛ دەنگ وندەبێت، یان دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی دیکە و لە وزە و کاتیشدا ئابوری دەکەن (الخولی، ٢٠٠٠، ٦٤، ١٥٥). ئەمەش هەنگاوێکی دیکەی گۆڕانی زمانە، بە تێپەڕبونی کات ڕودەدات.

٣.مردنی وشە: بە تێپەڕبونی کات و گۆڕانی سەردەمەکان، بەشێک لە تێکە و کەلوپەلەکانی ئاخێوەران لە بەکارهێنان دەکەون، دواتر هێما و ناوەکانیان بە هەمانشێوە لە بەکارهێنان دەکەون و وشەکان دەچنە فەرهەنگەوە. ئەمەش مردنی وشەیە. (الخولی، ٢٠٠٠، ١٥٩). ئەمەش دیسانەوە شێوەیەکی دیکەی گۆڕانی زمانە.

٤.دورکەوتنەوە لە بنچینەی زمانەکە: بە تێپەڕبونی کات، زمان فراوان دەبێت و دواتر ئابوریی تێدادەکرێت و ئاسان دەکرێت، لە هەمان کاتدا هەندێک لە وشە و کەرەستە زمانییەکان لە بەکارهێنان دەکەون و دەمرن، بەمەش وردە وردە زمانەکە لە بنچینە و ئەسڵەکەی خۆی دوردەکەوێتەوە و دەگۆڕێت. ئەمانە هەمویان لە ئاراستەی ستونیدا، بە تێپەڕبونی کات، ڕودەدەن. هەروەها بە تێپەڕبونی کات هەندێک کەرەستە لە زماندا دەگۆڕێن و لایەنی فسیۆلۆژیی مرۆڤیش کاریگەریی هەیە، چونکە بیستنی دەنگەکان و وتنەوەیان و دوبارەکردنەوەیان، هەرگیز وەکیەک نییە، تەنانەت ئەگەر لەلایەن یەک کەسیشەوە بێت. لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر ماوەیەکی زۆر بەسەر وتنەوەی دەنگەکاندا تێپەڕێت، ئەوا دەربڕینەکە زیاتر لە دەنگە بنچینەییەکە دوردەکەوێتەوە. ئەمەش بەهۆی جیاوازیی سروشتی مرۆڤەکان و کاریگەریی ژینگە و نەخۆشی و کاریگەریی دەنگەکان لەسەر یەکتری ڕودەدەن. بۆ نمونە /ب/ لە وشەی /باب/دا، هەردو جار وەکیەک گۆناکرێت. هەروەها /دەست/ لە وشەکانی /دەزگرە، دەزگا، دەزگیران/دا، لە بنچینەکەی خۆی دورکەوتۆتەوە. بەهەمان شێوە، جیاوازی لە گۆکردنی دەنگی /ڵ/ لە نێوان هەندێک کەسی بەتەمەن و کەسانی کەمتەمەن، لە هەندێ ناوچەدا، کە لەم توێژینەوەدا نمونەی هەیە.




شێوەی (١) ئاراستەی ستونیی گۆڕانی زمان

کاری توێژەر، پشتبەست بە ڕاڤە و زانیاریەکانی (١-٣-١)

**١-٣-٢. گۆڕانی ئاسۆیی (شوێن):** مەبەست لەو جیاوازیە زمانیانەن لە سنوری جوگرافیی هەر زمانێکدا ڕودەدەن، لە ژینگە و شوێنی جیاوازدا. لە کاتێکدا گۆڕانی ستونیی زمان بەردەوامە و کۆمەڵگەیەکی زمانییش بەسەر چەند ژینگە و کۆمەڵێکی بچوکتردا دابەشبووە و پەیوەندی و تێکەڵاوییان لاوازە؛ ئەوا هەریەک لەو بەشانە دەبن بە ژینگەی جیاواز. لەو ژینگە جۆراوجۆرانەدا گۆڕانە ستونییەکان هاوشانی یەکتری نابن. واتە بەخێرایی و چۆنیەتیی جیاواز ڕودەدەن(گەشەی زمان، لە گشت سنوری زمانەکەدا وەکیەک نابێت؛ بەڵکو ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز دەبێت) (سوسور، ١٩٨٨، ٢٢١). واتە (ئەو گۆڕانانەی، لە زمانی بەشێکی ئەو کۆمەڵگەیەدا ڕودەدەن، لە بەشێکی تریدا ڕونادەن، لەمەوە جیاوازیی قسەکردن لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوەی تریان گەورە دەبێ) (کەمریێ، ٢٠٠٧، ٢٤). بە دەربڕینێکی دیکە، گۆڕان و جیاوازییەکان وەکیەک نابن و ئەمەش دابەشبونی زمان و پەیدابونی زار و شێوەزاری لێدەکەوێتەوە.

## ١-٤. دابەشبونی زمان

دابەشبونی زمان، پەیدابون و سەرهەڵدانی زار و شێوەزارە لە زماندا. دو شێوە دابەشبون لە زماندا بەدیدەکرێت:

- دابەشبونی زمان بۆ زارە جوگرافییەکان.
- دابەشبونی زمان بۆ زارە کۆمەڵایەتییەکان. (الوافی، ١٩٧١، ١٤٩).

دابەشبونی یەکەم، هۆکارەکەی جوگرافییە، واتە ڕەهەندی شوێن هۆکاری پەیدابونیانە و لە (١-٣)دا باسکرا و لێرەدا زیاتر لەسەری دەوەستین. دابەشبونی دووەمیش هۆکارەکەی مرۆییە و باری ئابوری و ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانە، کە تەمەن و پیشە و ڕەگەزیش دەگرێتەوە. بێگومان بۆچونی دیکەش هەیە پێیوایە هۆکاری سەرەکیی دروستبونی زار، بەرژەوەندیی مرۆڤە و هۆکارەکانی دیکە تەنیا دەبنە هۆی دروستبونی جیاوازیی زمانی (عەصاف، ٢٠١٣، ٧٢)، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە زمانەوانیی جوگرافیدایە، زیاتر گرنگی بە هۆکاری جوگرافی دەدات.
لە گشت کۆمەڵگازمانییەکانی جیهاندا، جیاوازیی ئاشکرا لە درکاندن و وشە و ڕێزمان، لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت. چارڵز فێرگەسۆن، باس لە پەیوەندیی نێوان چین/توێژە کۆمەڵایەتییەکان و ئاست/شێوە جیاوازەکانی ئاخاوتن دەکات و بەیەکەوە پەیوەستیان دەکات، هەروەها (زمانەوانان هەمەجۆربەکارهێنانی زمان بۆ دو هۆکاری (زمانی و نازمانی) دەگەڕێننەوە، وەک شێواز، تەمەن، ڕەگەز، پیشە، بیروباوەڕی ئاینی... هتد). [ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٢٨، (انجلیکا لینکە)]. هەرکاتێک زمان ئازاد بێت، دابەش دەبێت بۆ چەند زارێک و هیچ زارێک لە زارێکی دیکە باڵاتر نییە (سوسور، ١٩٨٨، ٢١٧).
هۆکارەکانی دابەشبونی زمان بریتین لە:
یەکەم: هۆکاری جوگرافی: هەڵکەوتەی جوگرافیی جیاواز، واتە ژینگەی جیاواز. هەمو کاتێک ژینگەی سروشتی (جوگرافی)، هەژمونی لەسەر زمان هەیە. (ئەگەر سیستەمێک لە دو ژینگەی جیاوازدا بەکاربهێنرێت، بە تێپەڕبونی کات، شێوەی جیاواز وەردەگرن و دەبن بە دو سیستەمی جیاواز) (ئەمین، ٢٠٠٤، ١٦٧). بڵاوبونەوەی ئاخێوەرانی زمانێک لە سنورێکی جوگرافیی فراواندا، هۆکارێکی زیادبونی جیاوازییە لە بەکارهێنانی زمانەکەدا؛ تا مەودای نێوان ئاخێوەرانی زمانێک زیاتربێت، ژمارەی زار و شێوەزارەکانی زمانەکە زیاتر دەبێت (الخولی، ٢٠٠٠، ١٦٣). وەک پێشتر لە (١-٣)دا باسکرا، ژینگەی جوگرافیی جیاواز هەژمونی لەسەر سیستەمی زمان و ئاخێوەرانی هەیە، چ لە لایەنی فەرهەنگەوە، چ لە لایەنی دابڕینی ئاخێوەرانی زمانەوە، کە بەسەر چەند ناوچە و ژینگەیەکی جیاواز و دابڕاو لەیەکتر دابەش دەبن و پەیوەندییان لاواز دەبێت، ئاگاداری گۆڕان و جیاوازییە زمانییەکانی یەکتری نابن. ئەمەش هۆکارێکی گرنگی دروستبون و سەرهەڵدانی زار و شێوەزار و گۆڤەرەکانی زمانە.
دووەم: هۆکاری مرۆیی: خودی مرۆڤ هۆکارێکی سەرەکیی دابەشبونی زمانە، چونکە ئاخێوەر و بەکارهێنی زمانە. ئەمەش لە چەند شێوەیەکدا بەرجەستە دەبێت:
١. ژمارەی ئاخێوەران: زۆری و کەمیی ئاخێوەرانی زمان، هەژمونی بەسەر دابەشبونی زماندا هەیە؛ تا ژمارەی ئاخێوەران زیاتر بێت ئەگەری دابەشبونی زمانیش لەگەڵیدا زیاد دەبێت و بەپێچەوانەشەوە. زۆربونی ژمارەی ئاخێوەران، دو لێکەوتەی هەیە: یەکێکیان جۆراوجۆریی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوریی ئاخێوەرانە- لەخاڵەکانی دواتردا باسیان دەکەین- دووەمیشیان پێویستی بە فراوانبونی سنوری جوگرافیی هەیە، ئەمەش ڕاستەوخۆ جۆراوجۆریی ژینگەی جوگرافی دەهێنێتە ئاراوە.
٢. جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری: جیاوازیی ئاستی بژێویی ئاخێوەرانی زمان لە لایەنەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، کاریگەریی لەسەر شێوەی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

بەکارهێنانی زمان و زار هەیە (الخولی، ٢٠٠٠، ١٦٤). کۆمەڵ، یان ئاخێوەرانی زمان، لە چین و توێژ و پێکهاتەی جیاواز پێکدێت، جیاوازیی کەلتور و نەریت و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوانیاندا سیمای جیاکەرەوەن. زمانیش تۆمارێکی گونجاوە بۆ دەرخستنی ئەم هەمەڕەنگی و جیاوازییانە. بۆیە هەر یەکێک لەم پێکهاتانە هەوڵی دەرخستنی جیاوازییەکانی خۆی دەدات لە بەکارهێنانی زمانەکەدا و ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ دابەشبونی زمانەکە، بەتایبەت کاتێک ژمارەی ئاخێوەرانی زمانێک زۆر دەبن.

٣. لایەنی دەرونی: مەبەست لە دید و باری دەرونیی ئاخێوەرانی زمانە سەبارەت بە زمانەکەیان. ڕادەی ئاسودەیی ئاخێوەران لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانەکە، ڕۆڵی لە دابەشبونی زمان و سەرهەڵدانی زار و شێوەزاردا هەیە. (خۆخۆشویستن و ڕادەی خۆشویستنی بەرانبەر) یان (خۆپەسەندکردن و ڕادەی پەسەندکردنی بەرانبەر)، بەشێکن لەو بارە دەرونییەی کاریگەریی لەسەر ڕادەی تێکەڵبون و چۆنیەتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، ئەمەش لە بەکارهێنانی زماندا ڕەنگدانەوەی هەیە و دیاردەی ناوچەگەری و دروستبونی گرێی دەرونیی لێدەکەوێتەوە (عەصاف، ٢٠١٣، ٧١)، دواتریش زیادبونی جیاوازیی زمانی و دابەشبونی زمان بەرجەستەدەکەن.

٤. هۆکاری جەستەیی: مەبەست لە پێکهاتە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەندامانی ئاخاوتنە، لە درکاندن و دەربڕینی دەنگەکانی زمانەکە، لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەکەوە. بێگومان گشت ئاخێوەرانی زمانێک هاوشێوەی یەکتر دەنگەکانی زمانەکە گۆ ناکەن و جیاوازییان هەیە.

٥. هۆکاری ڕامیاری: لاوازیی دەسەڵاتی سیاسی، هۆکارێکی دابەشبونی زمانە. کاتێک دەسەڵات نەتوانێ هەژمونی خۆی بەسەر هەمو سنوری قەڵەمڕەویی خۆیدا بسەپێنێت؛ ئەو ئاخێوەرانەی لە خزمەتگوزاری و مافەکانی خوێندن و نوسین و ... هتد بێبەش دەبن، هەوڵی جیابونەوە دەدەن و جیاوازی و گۆڕانی زمان زیاد دەکەن و زمان بەرەو دابەشبون دەبەن. هەروەها دروستبونی سنوری ڕامیاری و وڵاتی نوێ، لە ناو وڵاتێکی هاوزماندا، جارێکی دیکە دەبنەوە هۆی دابڕینی ئاخێوەرانی زمان لەیەکتری و تێکەڵبون ئەستەم دەبێت، بە تێپەڕبونی کات جیاوازی و گۆڕانە زمانییەکان زیاددەکەن و زمانەکە دابەشدەبێت و شێوەی جیاواز لە بەکارهێنانیدا سەرهەڵدەدات (الخولی، ٢٠٠٠، ١٦٤ )، چونکە ئەگەر جیاکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی/ سیاسی هەبێت، گروپێکی قسەکەران لە بەشە گەورەکەی کۆمەڵگە جیابکاتەوە، ئەوا جیاوازیی زمانیشی لێدەکەوێتەوە. (کهمرێ، ٢٠٠٧، ٢٥).

سێیەم: هۆکاری ئابوری: بەهێزی و لاوازیی باری ئابوریی ناوچەیەک، کاریگەریی لەسەر زیادبونی جیاوازییە زمانییەکان و دواتر دابەشبونی زمان هەیە. دابینکردنی پێداویستییە خودییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، دەبێتە هۆی لاوازیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ دەوروبەردا، ئەمەش زیادبونی جیاوازییە زمانییەکانی لێدەکەوێتەوە. هەروەها زیادبونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ هەرێم و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەردا، دیسان جیاوازی و گۆڕانی زمان زیاد دەکەن و دابەشبونی زمانەکەی لێدەکەوێتەوە، چونکە بەریەککەوتن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەریەککەوتنی زمانی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی دەوروبەر، زیاددەکات.

چوارەم: هۆکاری زمانی: خودی زمان لە گۆڕانێکی سروشتیی بەردەوامی نایەکسانی بەرزەفتنەکراودایە، کە بە بەشێک لە هۆکارەکانی دروستبونی زار و شێوەزارەکانی زمان دادەنرێت، وەک لە (١-٤)دا باسکرا.

هەمو ئەو گۆڕان و دابەشبونەی باسکرا، لە ناوچەی توێژینەوەدا بەرجەستە دەبێت، بەهۆی جیاوازی لە پێکهاتەی (کۆمەڵایەتی، ئابوری، خوێندەواری و ژینگە)ی ئاخێوەرانەوە.

**١-٤-١. زار ( Dialect – اللهجة):** زار، شێوەیەکی زمانە، کۆمەڵێك خەڵك لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراودا بەکاریدەهێنن، هاوبەشی و جیاوازیی لەگەڵ زارەکانی دیکەی هەمان زماندا هەیە (شهمس، ٢٠٠٦، ٥٧)، فەرهەنگی وشە و ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە. یاخود، کۆمەڵێك سیمای زمانییە، تایبەتە بەژینگەیەکی دیاریکراو، کە هەمو ئەندامانی ژینگەکە تێیدا بەشدارن (السمرائی، ١٩٨١، ٣٤). ژینگەی زار، بەشێکە لە ژینگەیەکی فراوانتر و گشتگیر، چەند زارێکی دیکەش دەگرێتەوە و بە هەمویان ژینگەی زمانێک پێکدەهێنن و هاوبەشی و جیاوازی لە سیما زمانییەکانی گشت زارەکاندا هەیە (نهر، ١٩٨٨، ١٦٨-١٦٩). دیالێکت، شێوە زمانی ئاخاوتنی گروپێکی لاوەکیی جیاوازی خەڵکە (کهمرێ، ٢٠٠٧، ٢٣). کەواتە زمان، گشت یەکە زمانییەکان (مفردات)ی سەرجەم زارەکان دەگرێتەوە، لە ڕوی پێگە (مكانة) و قەبارەوە (حجم) (هدسن، ١٩٨٧، ٦٢). زار، بەو شێوەزمانە دەوترێ، کە کۆمەڵە کەسێک لە شوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن. (فهتاح، ٢٠١١، ١٠٩)، واتە لەگەڵ زمانی ستاندارد جیاوازە و زیاتر لە زاری گشتییەوە نزیکە. (کزار، ٢٠١٨، ٤٧).

**١-٤-٣. شێوەزار**

لقێکە لە لقەکانی زار، تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراوی بچوکتر لە ژینگەی زار، چەند سیمایەکی زمانیی تایبەت بەو ژینگەیەی هەیە. لە هەندێ سەرچاوەی زمانەوانیی عەرەبی، بە (لحن، لغیة) باسکراوە (نهر، ١٩٨٨، ١٦٩). بە دەربڕینێکی دیکە، شێوەیەکی زارە، فەرهەنگی وشەیی و دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، کۆمەڵێک ئاخێوەر لە سنورێکی جوگرافیی بچوکتردا بەکاریدەهێنن. هەر زارێک لە چەند شێوەزارێک پێکدێت. گشت شێوەزارەکان هاوبەشی و جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

**٣.٤.١. شێوەزاری ناوخۆیی (گۆڤەر- Accent)**

بەشێکی بچوکتری شێوەزارە، لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراودا بەکاردێت، هەندێ سیمای تایبەتی هەیە لە گۆڕانی دەنگ و دەربڕینی هەندێک وشەدا، کە ئاخێوەرانی پێ دەناسرێتەوە. هەر شێوەزارێک لە چەندان گۆڤەر پێکدێت، کە سیمای هاوبەش و جیاواز لە نێوانیاندا هەیە.

بەهۆی بڵاوبونەوەی زمان لە ناوچە فراوان و جیاوازەکاندا و بەکارهێنانی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر و جیاوازی ئاخێوەرانەوە، زمانەکە بۆ چەند شێوەزارێکی ناوخۆیی دابەشدەبێت، کە هەر ناوچەیەک لە ناوچەکانی زمانەکە بە شێوەزارێک دەئاخڤن (نهر، ١٩٨٨، ١٦٦). بەدەربڕینێکی دیکە، هەرچەندە زمان ڕەفتار و چالاکییەکی بە کۆمەڵی گەلێک یان نەتەوەیەکە، بەڵام شێوەکانی بەکارهێنانی، بەپێی زۆری و جۆراوجۆریی ئاخێوەرانی و جیاوازیی کەلتور و چین و توێژە

کۆمەڵایەتییەکانیان و دوریی پەیوەندی و جیاوازیی کات و شوێن و پیشەکانیان، جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ دەبێت. (کزار، ٢٠١٨، ٤٧).

## بەشی دووەم- گۆڤەری کۆیە


### ٢-١. قەزای کۆیە

قەزای کۆیە، یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر، کەوتۆتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتییەوە. چەقی باشوری کوردستانە و دەکەوێتە نێوان هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک)هوە. قەزای کۆیە، سنوری جیاکەرەوەی پارێزگای هەولێر و سلێمانییە؛ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای (هەیبەت سوڵتان)، لە ناحیەی خەلەکانی پارێزگای سلێمانی جیادەکاتەوە. لە بەشی باشوریشی بەهۆی زێی بچوکەوە لە ناحیەی شوانی پارێزگای کەرکوک جیادەبێتەوە. لە باکور و ڕۆژئاوادا لەگەڵ قەزای شەقڵاوە و ناحیەکانی کەسنەزان و قوشتەپەی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر، هاوسنورە. (عبداللە، ٢٠١٣، ٢).

قەزای کۆیە، دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانیی (٣٥.٤٧ – ٣٦.١٨) ی باکور و هەردو هێلی درێژیی (٤٤.١٥ – ٤٤.٥٧) ی ڕۆژهەڵات. سنوری کارگێریی لەگەڵ (١١) ناحیەی جیاوازدا هەیە، کە هەندێکیان سەر بە پارێزگای هەولێرن، هەندێکی دیکەشیان سەر بە هەردو پارێزگای کەرکوک و سلێمانین. (سەعید، ٢٠٠٨، ١٣).

نەخشەی (١)

شوێنی ئەسترۆنۆمیی قەزای کۆیە



سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.


٢. بەرنامەی (Arc GIS.)

### ٢-٢. گۆڤەری کۆیە

گۆڤەری کۆیە، کە بابەتی توێژینەوەکەیە، سەر بە شێوەزاری سۆرانییە، لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا. (شێوەزاری سۆرانی، گشت پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، بێجگە لەقەزای زێبار). (حەمەخورشید، ١٩٨٥، ٦٢). ئەم گۆڤەرە، کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێک گۆڤەر، لەوانە خۆشناوەتی و هەولێر و شوانی و دوکانی. (حمد و حمەصالح، ٢٠١٩، ٢١٩).

نەخشەی (٢)

شوێنی گۆڤەری کۆیە لە نێوان گۆڤەرە دراوسێکانیدا



سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:


١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی.(Arc GIS)

ناوچەکە هەڵکەوتێکی فرەزمان و فرەزارە؛ گوندی هەرمۆتە و بەشێک لە دانیشتوانی ناوشاری کۆیە نەتەوەی کلدانن و خۆیان بە زمانی سریانی دەدوێن، بەڵام بە کوردی دەخوێنن و لەگەڵ کوردەکاندا بە شێوەزاری ناوخۆیی (ئەکسێنت)ی کۆیە دەدوێن. هەروەها شارەدێی سێگردکان و چەند گوندێکی دەوروبەری، سەر بە شێوەزاری کەلهوڕین و لەنێوخۆیاندا بە شێوەی دەربەندی دەدوێن، بەڵام بە زاری کوردیی ناوەند دەخوێنن و هەر بەویش لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە دەدوێن.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

نەخشەی (٣)
شوێنی زمانی سریانی و شێوەزاری کەلهوڕ لە ناوچەی توێژینەوە



سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، .
.بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە
٢. بەرنامەی (.Arc GIS)

## ٢-٣. تایبەتمەندییەکانی گۆڤەری کۆیە

ئەو جیاوازییە زمانیانەی زار و شێوەزار و گۆڤەرەکانی زمانێک لەیەکجیادەکەنەوە، بریتین لە تایبەتمەندییە دەنگسازی و وشەییەکان، دەبن بە ناسنامە و مۆرکی ناوچەکە و ئاخێوەرانی پێدەناسرێنەوە (رسول، ٢٠١٩، ٢٣٤). گۆڤەری کۆیە، وەک هەر گۆڤەر و شێوەزارێکی دیکەی زمانی کوردی، (خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی خۆیەتی لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازییەوە، ئەمەش سیمای گۆڤەرەکە پیشان دەدات). (حمد و حمەصالح، ٢٠١٩، ٢٢٦).

ئاخێوەرانی گۆڤەرەکە، بە گشتی، ئاوازی گۆکردنیان لە ئاستێکی ڕێک و خێرایی دەربڕینیان مامناوەندە، بەپێی پێویست و جەختکردنەوە نەبێت، وشە و بڕگەکانی درێژ ناکەنەوە، هیچ فۆنیمێک لە وشە و بڕگەکاندا بەبێ هۆی یاسایی ناقرتێنن، جگە لە گۆڕینی هەندێ ڤاوڵدا جیاوازی دەبینرێ، یا ئەو فۆنیمانەی دەکەونە ژێر یاسای دەنگسازیی زمانی کوردییەوە (رسول، ٢٠١٩، ٢٢٨). لە ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ فۆنیمدا، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان گۆڤەری کۆیە و شێوەی ستانداردا هەیە، بۆ نمونە زۆریی بەکارهێنانی /ر/ و کەمیی بەکارهێنانی /ڵ/ (حمد و حمەصالح، ٢٠١٩، ٢٢٦)، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی سیمایەکی شێوەزاری سۆرانییە.

**٢-٣-١. تایبەتمەندیی دەنگسازی:** گۆڤەری کۆیە، هاوبەشی و جیاوازیی لەگەڵ شێوەزاری سۆرانی و شێوەی ستاندارد/ فەرمیدا هەیە، ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە لە زماندا.

**٢-٣-١-١. گۆڕانی /ڵ/ بە /ر/:** بەشێوەیەکی گشتی، /ڵ/ لە زۆربەی وشەکان لە گۆڤەری کۆیە، دەبن بە /ر/، بەبێ گۆڕانی واتا. بۆنمونە:

| ستاندارد | شێوەزاری سۆرانی | گۆڤەری کۆیە |
|---|---|---|
| گوڵ | گور / گوڵ | گور |
| ماڵ | مار / ماڵ | مار |
| منداڵ | مندار / منداڵ | مندار |
| دەڵێم | دەلێم/ دەڵێم/ ئەرێم/ وارێم/ دەرێم | دەرێم |

**٢-٣-١-٢. گۆڕانی /ڵ/ بە /ل/:** ئەم دیاردەیە لە چەند وشەیەکدا ڕوودەدات، بۆ نمونە /کەڵک/ بە /کەلک/ گۆدەکرێت. دەوترێت: بە کەلک نایە. کەڵکی نەمایە.
**دیاردەی قورسکردن:** قورسگۆکردنی فۆنیمی /ر/ و گۆڕانی بە /ڕ/، بەبێ گۆڕانی واتا، هەروەها گۆڕانی فۆنیمی /ت/ بە ئەلۆفۆنی[ط]، لە چەند وشەیەکدا.

| ستاندارد | گۆڤەری کۆیە |
|---|---|
| عەرەب | /عەڕەب/ |
| کامەران | /کامەڕان/ |
| ناتوانم | /ناطانم/ |

**٢-٣-١-٤. گۆڕانی /ێ/ بە /ی/ :**

| ستاندارد | سۆرانی | کۆیە |
|---|---|---|
| هێنان | هینان | هینان |
| دەبێ | دەبی | دەبی |

**٢-٣-١-٥. گۆڕانی /و/ ی کۆتایی بە /ی/ لە هەندێک وشەدا:**

| ستاندارد | شێوەزاری سۆرانی | گۆڤەری کۆیە |
|---|---|---|
| دەزو | دەزی | دەزی |
| خانو | خانی | خانی |
| ڕۆژو | ڕۆژی | ڕۆژی |
| ماندو | ماندی | ماندی |

**٢-٣-١-٦. گۆڕانی /و/ بە /ۆ/ لە هەندێک وشەدا:**

| ستاندارد | شێوەزاری سۆرانی | گۆڤەری کۆیە |
|---|---|---|
| گوتم | گۆتم | گۆتم |
| سور | سۆر | سۆر |

**٢-٣-١-٧. تێچونی فۆنیمی /یٚ/:** /یٚ/، کاتێک بەدوای فۆنیمی/ و/دا دێت، لە هەندێک وشەدا تێدەچێت:

| ستاندارد | گۆڤەری کۆیە |
|---|---|
| بلوێر | بلور |
| دروێنە | درونە |
| شوێنهەڵگر | شونهەرگر |
| دوێنێ | دونێ |

**٢-٣-١-٨. تێچونی /و/** : بە پێچەوانەی دیاردەی پێشو، لە هەندێک وشەدا کاتێک فۆنیمەکانی /و،یٚ/ بەدوایەکدادێن، /و/ تێدەچێت و /یٚ/ دەمێنێتەوە:

| ستاندارد | گۆڤەری کۆیە |
|---|---|
| خوێ | خێ |
| کوێ؟ | کێ؟ بۆ (شوێن و کەس) |
| گوێ | گێ |

**دەنگەگۆڕکێی /ح/ و /ع/ :** ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی کۆیەدا نییە، بەڵام لە هەندێک شوێنی دەوروبەری کۆیە هەیە. /محەمەد- مەعمەد/، /عەرەب- حەرەب/. لە بەشی چوارەمدا، بە نەخشە، شوێنی ئەم دیاردانە لە سنوری ناوچەی توێژینەوە، دەخەینەڕو.

**٢.٣.٢ تایبەتمەندیی وشەسازی:**

**٢-٣-٢-١. جێناوی کەسیی سەربەخۆ:**

گۆڤەری کۆیە، دو کۆمەڵە جێناوی کەسیی سەربەخۆی هەیە (رسول، ٢٠١٩، ٢٣٥-٢٣٦)، کە ئەمانەن:

| کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان | | |
|---|---|---|
| کەس | تاک | کۆ |
| یەکەم | ئەمن | ئەمە |
| دووەم | ئەتو | ئەنگۆ |
| سێیەم | ئەو | ئەوان |

ئەم کۆمەڵە، ئەرکی بکەر و بەرکار دەبینن.

- ئەمن دێم، ئەتو مەیە، با ئەو بڕوا.
- ئەمە هاتین، ئەنگۆ لەوێ نەبون، ئەوانمان دیت.

کۆمەڵەی دووەمی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان، ئەرکی بەرکاری بەیاریدە و تەواوکەری بەیاریدە و خاوەنێتی دەبینن:

| کۆمەڵەی دووەمی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان | | |
|---|---|---|
| کەس | تاک | کۆ |
| یەکەم | من | مە |
| دووەم | تو | نگۆ |
| سێیەم | وی | وان |

- بەمن مەرێ، بەتوم گۆت، بەوی برێ.
- نە بەمە دەکرێ، نە بەنگۆ، ئیشیوان تەواونابێ.

**٢-٣-٢-٢. ڕابردوی تەواو:** "کەرەستەی بنەڕەتیی فۆرمی ڕابوردووی تەواو بریتییە لە قەدی کردار و نیشانەی (وو) و جێناوی لکاو. (مارف، ٢٠١٤، ٢٠٥)، (ئەمین، ٢٠١٦، ٢٩). (وە)ی مۆرفیمی ئێستای تەواو، لە گۆڤەری کۆیەدا گۆڕاوە بە (یە) (مەلازادەیی، ٢٠١٣، ١٢٥)، ئەم دیاردەیە سیمای شێوەزاری سۆرانییە.

| کاری ڕابردوی تەواو | |
|---|---|
| ستاندارد | ش. سۆرانی/ گ. کۆیە |
| هاتووە | هاتییە |
| هاتووم/ هاتومە | هاتییم/ هاتیمە |

**٢-٣-٢. تایبەتمەندیی ڕستەسازی**

**٢-٣-٣-١. (دۆخ) نیشانەی نێر و مێ:** لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی گۆڤەری کۆیەدا، هێشتا دۆخی نێر و مێ، لە هەندێک باردا، ماون. بۆ نمونە:

| ستاندارد | گۆڤەری کۆیە | ن. نێر | ن. مێ |
|---|---|---|---|
| دەچمەوە بۆ ماڵ. | دەچمەوە مارێ. | / | ێ |
| شەو سەرێکتان لێدەدەین. | شەوێ سەرەکتان لێدەدەین. | / | ێ |
| دەچمە هەولێر. | دەچمە هەولێرێ. | / | ێ |
| دەچم بۆ شار/ بازاڕ/ لادێ. | دەچمە شاری/ بازاڕی/ گوندی | ی | / |
| شەیدا، خوشکی فەرهادە. | شەیدا، خوشکی فەرهادیە. | ی | / |
| شەیدا، کچی شیرینە. | شەیدا، کچی شیرنێیە. | / | ێ |

لەم ڕستانەدا، (ێ) نیشانەی مێیە و (ی) نیشانەی نێرە، کە دۆخی ڕێزمانین و لە زاری ستاندارد و نوسیندا نەماون. هەرچەندە ئێستا، بە تایبەت گەنج و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

تازەپێگەیشتووەکان، بۆ هەردو ڕەگەزی نێر و مێ، زۆر جار، هەر (ی) بەکاردەهێنن. (دەچمە مارێ بناری. دەچمە مارێ هێمنی).

**٢-٣-٣-٢. ئامرازی دانەپاڵ:**

ئامرازی دانەپاڵ، کە (دیارخراو و دیارخەر) بەرهەمدەهێنێت، لە زاری ستاندارد (کوردیی ناوەڕاست)دا (ی)یە. لە گۆڤەری کۆیە (ێ)یە و هەندێک ئاخێوەر (ی) بەکاردەهێنن، واتە ئێستا تێکەڵە، ئەمەش سەلمێنەری گۆڕانی زمانە، بەپێی کات و جیاوازیی تەمەنی ئاخێوەرانی.

| ستاندارد | گۆڤەری کۆیە | ئا. دانەپاڵ |
|---|---|---|
| دەچم بۆ ماڵی شیرین.<br>دەچم بۆ ماڵی کاوە.<br>کتێبی منی لایە. | دەچمە مارێ شیرنێ.<br>دەچمە مارێ کاوەی.<br>کتێبی منی لە کنە. | ێ<br>ێ<br>ی |

**٢-٣-٣-٣. ڕیزبونی دیارخراو و دیارخەر:** گۆڤەری کۆیە، وەک زۆربەی زار و شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی، دیارخەر دەکەوێتە کۆتایی گرێوە، بەڵام لە دەوروپشتی کۆیە، ڕیزبونی جیاواز هەیە.

ا- دیارخراو + دیارخەر : (سەیرانی خوشکم)

ب- دیارخەر + دیارخراو: (خوشکم سەیران)


## بەشی سێیەم- تیۆریی شەپۆلەکان

### ٣. ١. بڵاوبونەوە و تیۆریی شەپۆلەکان Diffusion and The Wave Theory

بیرۆکەی ئەم تیۆرە لە لێکچواندنێک وەرگیراوە، کاتێک سەنگێک یان بەردێک فڕێدرێتە ناو گۆماوێکەوە، شەپۆلی بازنەیی بە دەوری خۆیدا دروستدەکات و شەپۆلەکان بڵاودەبنەوە و بە تێپەڕبونی کات شەپۆلەکان لاوازدەبن و لە کۆتاییدا نامێنن. داهێنەرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە بڵاوبونەوەی زمان و گۆڕانەکانیشی هاوشێوەن؛ لە مەڵبەندە کاریگەرەکانی سەرهەڵدانیاندا، بەچواردەوری خۆیاندا بڵاودەبنەوە و لە شوێنێکدا کۆتاییان دێت. (هدسن، ١٩٨٧،٧٦). واتە هەرێمی زمانەکان بە گۆمێکی ئاو دەچوێنێ، ئەو شوێنەی بەردەکەی تێدەکەوێ خاڵی چەقی هەرێمی زمانەکەیە، هەروەها ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانێکدا دێن، لە خاڵێکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکەن و تا لەو خاڵە دورکەوینەوە، بڕی کاریگەرییەکەی کەمتر دەبێت. (بەرزنجی و ڕەشید، ٢٠١٣، ٢٢- ٢٨). وەک لە وێنەی ژمارە (١)دا دیارە.

وێنەی (١)

بڵاوبونەوەی زمان/ زار





تیۆری شەپۆلەکان، لێکدانەوە بۆ چۆنیەتی و هۆکارەکانی تێکەڵبون (تێکچڕژان- بەناویەکداچون)ی هێڵی دیاریکردنی سنوری زمان/زارەکان دەکات، لە ڕێی گریمانەی جیاوازیی پنتە جوگرافییەکانەوە Geographical foci بۆ بڵاوبونەوەی یەکە جیاوازەکانی زمان. هێڵی دیاریکردنی زمان/زارەکان، دورترین خاڵی زمان/زارەکە دیاری دەکەن، کە کاریگەریی یەکە زمانییەکەی پێگەیشتووە. پێویستە ئەوەش بڵێین، هیچ بەربەست و هۆکارێک لەئارادا نییە بۆ بەکارهێنانی یەکەی زمانیی نوێ، لەهەمان سات و شوێندا. بۆیە ئاساییە هێڵەکانی دیاریکردنی سنوری زارە جیاوازەکان، تێکەڵ ببن و بەناویەکدا بچن. (هدسن، ١٩٨٧، ٧٧).

هیچ لەمپەرێک بۆ فڕێدانی دو سەنگ یان زیاتر بۆ ناو هەمان گۆماو، لەئارادا نییە، ئەمەش نزیکی و زۆریی سەرچاوەکانی کاریگەری دەسەلمێنێت، کە شەپۆلەکانی لێوە سەرچاوەدەگرن و بڵاودەبنەوە و تێکەڵ بەیەکتری دەبن. واتە نزیکیی مەڵبەندەکانی بڵاوبونەوەی زمان و زارەکان لەیەکترییەوە، دەبێتە هۆی تێکەڵبون و بەناویەکداچونی هێڵی سنور و کەرەستە و یاسازمانییەکان، کە ناوچەی توێژینەوەش هەمان ئەم تایبەتمەندییەی هەیە.

وێنەی (٢)

تێکەڵبونی زمان/ زارەکان




هەروەها مەڵبەندەکانی کاریگەری، لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا دەگۆڕێن، بە گۆڕانی نیشانەکان (المؤشرات)، جا بەهێزتر ببن یان لاوازتر. هەر مەڵبەندێک بە یەکەیەکی تازە دادەنرێت و شەپۆلەکانی لێوەدەردەچن و بە ئاراستە جیاوازەکاندا بڵاودەبنەوە. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا ئەم لێکچواندنە لەتوانایدا نییە شێوە ڕاستەقینەکە، وەکخۆی، بگوازێتەوە؛ چونکە شەپۆلەکانی کاریگەریی زمانی، لە

شوێنێکدا لاواز دەبن و کۆتاییان دێت، بە هۆی بەردەوامنەبونی هێزی پاڵنەری شەپۆلەکانەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، کاریگەریی یەکە زمانییەکە لە ساتێکدا دەوەستێت کە ئەندامانی کۆمەڵێک، بە هەر هۆکارێک، بڕیاری بەکارنەهێنانی یەکە زمانییەکە دەدەن، تا بە ئەندامی ئەو کۆمەڵە هەژمار نەکرێن. (هدسن، ١٩٨٧، ٧٧). بۆ نمونە وشەی تکان (دوکان)، لە گۆڤەری کۆیە، لە ئێستادا بەکارهێنانی زۆر کەمە و جگە لە چەند کەسانێکی بەتەمەن، کە لەسەروی (٦٠ – ٦٥) ساڵییەوەن، بەکارنایەت. هەروەها ئارو (خەیار)، کۆی؟ (چۆنی؟)، بە هەمان شێوە بەکارهێنانیان لەلایەن ئاخێوەرانی گۆڤەرەکەوە زۆر کەمبۆتەوە. بیکرتۆن پێیوایە کە جیاوازیی زمانی، یان هەڕەمەکییە (عشوائي)، یان لە ئەنجامی بەکارهێنانی زیاد لە شێوەیەکی ڕێزمانییە، ئەمەش بەزۆری بەهۆی جۆراوجۆریی پێکهاتەی ئاخێوەرانەوەیە. (هدسن، ١٩٨٧، ٣٠٦). بڵاوبوونەوەی زمان و زارەکان بەپێی ئەم تیۆرییە، ئاسۆیی دەبێت و دەچێتە بواری ئێستایی زمان، چونکە مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردە زمانییە دەکات، کە ئێستا لە ناو دو زمان/زارەکەدا هەن، نەک هەبوون. (بەرزنجی و ڕەشید، ٢٠١٣، ٣١).

## ٣. ٢. دیاریکردنی سنور:

پۆلێنکردن و دیاریکردنی سنور و تایبەتمەندیی زار و شێوەزار و گۆڤەرەکان، کارێکی ئاسان نییە و گرفتێکە لەبەردەم زمانەواناندا. بەپێی ئەم تیۆرییە، توێژەر، بە دوای بەکارهێنان و بەردەوامیی کەرەستەیەک یان دیاردەیەکی زمانیدا دەڕوات، (بۆ زار و شێوەزاریش بە هەمان شێوەیە)، لە کوێدا بەکارهێنانی نەما، یان گۆڕانی بەسەرداهات، ئەمە سنوری ئەو دیاردەیەیە. واتە لێرەدا سنوری ئەو زمانە یان زار و شێوەزارە کۆتایی دێت و سنوری زمانێک یان زارێکی دیکە دەستپێدەکات. جا گرفتی دیاریکردنی سنوری شێوەزار و گۆڤەرەکان لێرەدایە، کاتێک لەناو یەک شاردا یەک کەرەستە، یان یەک دیاردەی زمانی، دو شێوە بەکارهێنان یان زیاتری هەیە، بۆ نمونە بەکارهێنانی (لۆ، بۆ) لەلایەن ئاخێوەرانی ناو شاری کۆیە. –بێگومان بەکارهێنەرانی (بۆ) لە ناو شاری کۆیە، لە بنچینەدا دانیشتوانی کۆیە نەبوون و لە دەوروبەری کۆیەوە هاتون- بەڵام ئێستا هەیە.

لەلای زارناسان و زمانەوانان، پێوەری جوگرافی Geographical Criterian ، پێوەری سەرەکیی پۆلکردنی زارەکانە، بۆ دەرخستنی هاوبەشی و جیاوازیی زارەکان لەسەر ئەتڵەسی زمانیی تایبەت بە ژینگەیەکی دیاریکراو. لەگەڵ ئەوەشدا کۆکی لەسەر ئەوەی سنوری جوگرافی، زۆر نمونەیی و یەکلاکەرەوە نییە، چونکە چونەناویەک و تێکچرژانی زارەکان لە سنوری جوگرافیدا، بەرزەفت ناکرێت. (بشر، ١٩٩٧، ١٧٩). لە دیدی سۆسێریشدا، زارەکان بە گشت جۆرەکانییەوە، سنورێکی سروشتییان نییە؛ بەڵکو سنورەکانیان تێکچرژاو و بەناویەکداچون. واتە مەرج نییە هەمیشە سنوری زار لەگەڵ سنوری سروشتی و کارگێڕیدا یەکبگرنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو جیاکارییەی زمانەوان لە نێوان سنوری جوگرافیی وڵات (ڕامیاری و سروشتی) دەیکات، لەگەڵ سنوری زمان و زارەکانیدا، یەکناگرێتەوە، بەڵکو تێکچرژان و چونەناویەک بەدیدەکرێت. (نهر، ١٩٨٨، ١٧٠ - ١٧١).

## ٣. ٣. چۆنیەتیی کارکردنی:


گەر بمانەوێ سنوری جوگرافیی زمانێک یان زارێک دەستنیشان بکەین، بەپێی ئەم تیۆریە، بە شوێن کاریگەری یان بەکارهێنانی هەندێک یاسای دەنگی، یان مۆرفۆلۆژی، یان ڕستەسازیدا دەڕۆین، لە هەر شوێنێکدا ئەو یاسایانە کۆتاییان بێت، سنوری جوگرافیی زمانێک یان پۆلە زمانێک یان زارێک کۆتایی دێت و سنوری جوگرافیی زمانێک یان پۆلە زمانێک یان زارێکی دیکە دەستپێدەکات.

دەشێ وشەی فەرهەنگی بکرێتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی سنوری زارەکان، بۆ نمونە: لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا وشەی (ئاو) بەکاردێت، لە هەر شوێنێک ئەم وشەیە گۆڕا و بو بە (ئاڤ)، ئەوا سنوری زاری کوردیی ناوەڕاست کۆتایی دێت و سنوری زاری کوردیی باکور دەستپێدەکات. هەروەها یاسای کارکردنی جێناوە کەسییە سەربەخۆ و لکاوەکان، دەکرێنە پێوەر بۆ هەمان مەبەست. بۆ دیاریکردنی سنوری شێوەزاریش بەکاردێت، بۆ نمونە لە شێوەزاری سۆراندا (لۆ) بەکاردێت، لە هەر شوێنێک بو بە (بۆ)، سنوری شێوەزاری سۆران کۆتایی دێت و سنوری شێوەزارێکی دیکە دەستپێدەکات، بەڵام لە هەمو کاتێکدا وشەی فەرهەنگی ناکرێتە پێوەر؛ چونکە وشەی تازە و زاراوە جیهانییەکان لە هەمو، یان زۆربەی زمانەکاندا بەکاردێن، وەک: کلاسیک، ڕۆمانتیک، دیموکراسی...

لە باری نزیکیی مەڵبەندی بڵاوبونەوەی دو (زمان/ زار/ شێوەزار)دا، ئەگەری تێکەڵبون یان لێکدانی شەپۆلەکان لە پنتێکی جوگرافیدا هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە، وەک ئەوە وایە دو بەرد فڕێبدرێنە ناو یەک گۆماوەوە، لە شوێنێکدا شەپۆلەکان یەکتر دەشکێنن، واتە کەرەستە زمانییەکان لە ناوچەیەکدا بەیەکدەگەن و سیماکانی هەردو (زمان/ زار/ شێوەزار) لەو ناوچەیەدا بە تێکەڵی دەردەکەون، وەک پێشتر لە وێنەی ژمارە (٢)دا خرایەڕو.

نەخشەی (١)

لێکدان و تێکەڵبونی شەپۆلەکان



سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی .(Arc GIS)

ئەو سنورە جوگرافییەی دەکەوێتە شوێنی لێکدان یان یەکترشکاندنی شەپۆلەکان، بەشێک لە سیماکانی هەردو جۆر پۆلەزمان/ زمان/ زار/ شێوەزاری تێدا بەرجەستە دەبێت بە شێوەیەک لە هەردوکیان دەچێت و لە هەردوکیشیان جیاوازە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

### ٣.٤. تیۆریی شەپۆلەکان و چەند سەرنجێک

ئەوەی لەسەر جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە لە کوردستان و سنورە هاوشێوەکانی کوردستان، لە ڕوی سیاسییەوە، جێگای سەرنجە، هەڵبژاردنی ئاخێوەرە، بە مەبەستی وەرگرتنی داتا؛ ئاخێوەرێک، کاریگەریی زار و شێوەزارەکانی دیکەی لەسەر نەبێت. بارودۆخی سیاسیی کوردستان، بە درێژایی سەدساڵی ڕابردو، هۆکاری کۆچی بەردەوامی کورد بووە، لە لادێوە بۆ شار، بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ، لەوێوە بۆ شار، جارێکی دی گەڕانەوەی نیوەچڵ بۆ لادێ، هاتوچۆ و پەیوەندیی بەردەوامی نێوان شار و لادێ و ئاوارەبون و ڕاگواستن و دەرکردن وشەڕی ناوخۆ و ...هتد، پێکهاتەی دانیشتوانی گشت کوردستانی تێکەڵکردووە، زۆر ئەستەمە ئاخێوەری نمونەیی، بەم شێوەیەی پێویستە، بدۆزرێتەوە. ئەمە سەرەڕای پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا و ئامراز و شێوەکانی پەیوەندیکردن و خوێندن و خوێندەواری.

ئەم تیۆرییە، تەنیا بۆ لێکدانەوەی کاریگەریی ئەو زمانانە دەستدەدات مەڵبەندی بڵاوبونەوەیان لەیەکەوە نزیکن، واتە دراوسێن. بۆ ئەو زمانانەی دراوسێ نین و کەرەستەی هاوبەشیان هەیە، ئەم تیۆرییە ناتوانێ لێکدانەوەیان بۆ بکات.

لەلایەکی دیکەشەوە، جیاوازیی ڕێژەی بڵاوبونەوەی زمانەکان، پەیوەستە بە جیاوازیی ڕێژەی (ئاخێوەر و مێژوی بڵاوبونەوەی زمان و شارستانیەت و داهێنانە زانستی و ئەدەبییەکان). جیاوازیی ژمارەی ئاخێوەرانی ئەو زمانانەی مەڵبەندی بڵاوبونەوەیان لەیەکەوە نزیکن، کاریگەریی لەسەر ڕێژەی بڵاوبونەوەیان هەیە، واتە ڕێژە و زۆری و کەمیی ژمارەی ئاخێوەران و مێژوی شارستانیەت و داهێنانە زانستی و ئەدەبییەکان بەو زمانانە، وەک جیاوازیی کێش و قەبارەی ئەو بەردانەیە دەخرێنە ناو گۆماوەکەوە. کۆنی و تازەیی زمانە جیاوازەکانیش، لە ڕوی مێژووەوە، هاوشێوەی جیاوازیی کاتی خستنەناوی بەردەکانە بۆ بڵاوبونەوەی زمانەکان.

لە بارێکدا، کە تا ڕادەیەک هاوکاتی و یەکسانی لە بڵاوبونەوەی زمان/ زارە دراوسێکاندا هەبێت، ئەگەری تێکەڵبونی کەرەستە و یاسا زمانییەکان لە خاڵی بەیەکگەیشتنی شەپۆلەکاندا هەیە، وەک لە وێنەی ژمارە (٢)دا خراوەتەڕو.

### بەشی چوارەم: سنوری دیاردەکان

### ٤. ١. خستنەڕوی داتا و ئەنجامەکان:

دوای سەردانکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێک لە ئاخێوەرە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی داتا لەسەر ناوەرۆکی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، بەو ئەنجامانە گەیشتین لەم بەشەدا دەخرێنەڕو. داتاکان لەسەر نەخشە و بە ئامار دەخەینەڕو، نەخشەکان بە بەرنامەی ( Arc GIS) کێشراون و خشتە و شێوەکانیش (چارت)، بە بەرنامەی ( SPSS) شیکراونەتەوە.

پێوستە ئەوەش بڵێین:

١. لە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت گوندەکانی (کانی گوند، فەقێیان، کافرۆشیان، حەمەبایزان، یارەمیش، دارەمەزن، قوڕەبەرازە، کانی سلێیان) ئاوەدان نین، بۆیە لە گشت نەخشەکاندا یەک ڕەنگیان پێداون و هیچ هەژمارێکیان بۆ نەکردوون.

٢. (٥) گوندی تازەمان دیت لە نەخشەدا نین، ئەوانیش (سەرکەڵەک، هەواری تازە، شێوی ساماڵ، حاجی کاکۆل و چاڵاو)ن. دوای توێژینەوە و پرسیار دەرکەوت، دانیشتوانی (٣)لەو گوندە تازانە، هەر لە دێیەکانی تەنیشت خۆیانەوە هاتون و شێوەی ئاخاوتنیان (سەبارەت بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە)، ئێستا، هیچ جیاوازییەکیان نییە، بۆیە ئاماژەمان پێنەکردن. (سەرکەڵەک- چۆمحەیدەر، لە ناحیەی تەقتەق)، (هەواری تازە- کانیبی، لە ناحیەی ئاشتی)، (چاڵاو- کاولان، لە ناحیەی ئاشتی).

### ٤.١.١. تایبەتمەندییە دەنگسازییەکان

**٤.١.١.١. گۆڕانی /ڵ/ بە /ر/:** وەک لە پێشتر باسکرا، لە زۆربەی وشەکاندا دەنگی /ڵ/ دەگۆڕێت بە /ر/ . ئەم دیاردەیە بەشێکی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، کە (٨٨) شوێنە و دەکاتە نزیکەی (٪٦٤)ی ناوچەی توێژینەوە. لە (٣١) شوێندا ئەم دیاردەیان تێدا نییە، دەکاتە (٪٢٣)ی ناوچەی توێژینەوە. (٤) گوندمان هەن ناوچەی تێکەڵن لەم دیاردەیە، واتە ئاخێوەرانیان هەردو دەنگی /ڵ، ر/ بەکاردەهێنن، بۆنمونە لەیەک شوێندا هەندێک ئاخێوەر دەڵێن گوڵ، هەندێکیش دەڵێن گور، ئەمەش (٪٣)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە. جێگای سەرنجە، ئەلۆفۆنێکی [ڵ] لە هەندێک شوێن بەدیدەکرێت، لە ئەلفبێی کوردیدا پیتی نییە، ئێمە بە هێمای] ڵ [?ئاماژەی بۆ دەکەین. ئەم ئەلۆفۆنە دەنگێکە لە نێوان /ڵ، ر/ دایە و سازگەی هەردو دەنگەکە تێکەڵدەبن. بەزۆری خەڵکی بەتەمەن بەکاری دەهێنن و لە هەندێک گۆڕانیی کۆندا دەبیسترێت، بۆ نمونە لە دەنگی (عەلی مەردان، ئیبراهیم خەیات، ئەحمەد شەماڵ، ... هتد)دا بەرگوێ دەکەوێت. پێدەچێت ئەمە شێوە کۆن و ڕەسەنەکەی بێت و لە قۆناغەکانی مێژوی زمانەکەدا گۆڕابێت بۆ ئەم شێوەگۆکردنەی ئێستای /ڵ] ./ڵ [?لە (١٢) گوندا بەکاردێت و لە شاردا بەرگوێ ناکەوێت، دەکاتە نزیکەی (٪٩)ی ناوچەی توێژینەوە. لە یەک گوندیش] ڵ [?و /ر/ دەردەبڕن، دەکاتە (٪١)ی ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (١)

/گۆڕانی /ڵ/ بە /ر

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | /ر/ | 88 | 64.7 | 64.7 | 64.7 |
| | /ڵ/ | 31 | 22.8 | 22.8 | 87.5 |
| | [ڵ?] تایبەت | 12 | 8.8 | 8.8 | 96.3 |
| | /ڵ، ر/ | 4 | 2.9 | 2.9 | 99.3 |
| | /ر/،[ڵ?] | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە

شێوەی (١)





کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتە و نەخشەی (١)

بە خستنەڕوی داتاکانی خشتەی (١)، لەسەر نەخشە، دەبینین: ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیەی تێدایە، ڕەنگیان (سپی)یە. ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیان تێدا نییە، ڕەنگیان (بۆر)ە. ئەو شوێنانەی ڕەنگیان (شین)ە، ناوچەی هاوبەشن (تێکەڵ). ئەو شوێنانەی ئەلۆفۆنی] ڵ [?تایبەت بەکاردەهێنن، لە نەخشەکەدا بە ڕەنگی (پەمەیی) دیاریکراون.

نەخشەی (١)

/گۆڕانی /ڵ/ بە /ر



سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، 1.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢.(Arc GIS) بەرنامەی

٣. خشتەی (١)

ئەو شوێنانەی] ڵ [?بەکاردەهێنن، بەزۆری دەبن بە دراوسێی ئەو شوێنانەی /ڵ/ گۆدەکەن، هاوبەشەکانیش لەیەکتر دورن، بەڵام دەکەونە نێوان ناوچەکانی ترەوە.

**٢.١.١.٤. گۆڕانی /ڵ/ بە /ل/:**

وەک ئاماژەی پێکرا، لە هەندێک وشەدا دەنگی /ڵ/ دەبێت بە /ل/. ئەم دیاردەیە لە (١١٨) شوێندا هەیە و دەکاتە نزیکەی (٨٧٪)ی ناوچەی توێژینەوە. لە (١٥) شوێندا نییە، واتە هەر /ڵ/ بەکاردەهێنن، دەکاتە نزیکەی (١١٪)ی ناوچەی توێژینەوە و لە (٣) شوێنیشدا هەردو دەنگ، /ڵ، ل/ بەکاردێن، کە (٢٪)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە.


خشتەی (٢)

گۆڕانی /ڵ/ بە /ل/

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | /ل/ | 118 | 86.8 | 86.8 | 86.8 |
| | /ڵ/ | 15 | 11.0 | 11.0 | 97.8 |
| | /ل/ ، /ڵ/ | 3 | 2.2 | 2.2 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە

شێوەی (٢)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٢)

ئەم داتایانە دەخەینە سەر نەخشە، ئەو شوێنانەی کە ئەم دیاردەیان تێدا هەیە، بە ڕەنگی سپی ئاماژەیان پێ کراوە. ئەو شوێنانەش کە دیاردەکەیان تێدا نییە، ڕەنگی سەوزە و ڕەنگی (مۆر)یش ئەو شوێنانەن کە هاوبەشن، واتە هەردو دەنگی /ڵ، ل/ یان تێدا بەکاردێت.

نەخشەی (٢)

گۆڕانی /ڵ/ بە /ل/



Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە
١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.
٢. بەرنامەی ((Arc GIS
٣. خشتەی (٢)


**٣.١.١.٤ دیاردەی قورسکردن:** وەک لە (٢-٣-١-٣)دا باسکرا، لە هەندێک وشەدا دەنگی /ر/ دەبێت بە /ڕ/. ئەم دیاردەیە تەنیا لە (١٦) شوێندا هەیە و دەکاتە نزیکەی (٪١٢)ی ناوچەی توێژینەوە. لە (١١٨) شوێندا نییە، دەکاتە نزیکەی (٪٨٧)ی ناوچەی توێژینەوە. لە (٢) شوێنیشدا هاوبەشە، واتە هەردوو دەنگ بەکاردێت، نزیکەی (٪١)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە.

خشتەی (٣)
قورسکردن- گۆڕانی /ر/ بە /ڕ/

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | /ڕ/ | 16 | 11.8 | 11.8 | 11.8 |
| | /ر/ | 118 | 86.8 | 86.8 | 98.5 |
| | /ر ، ڕ/ | 2 | 1.5 | 1.5 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |


سەرچاوە:کار
ی توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە

شێوەی (٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٣)
خستنەڕووی ئەم داتایانە لەسەر نەخشە، بەم شێوەیەیە: ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیەیان تێدایە، ڕەنگیان سەوزە و ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیەیان تێدا نییە، ڕەنگیان پەمەیی کاڵە. ڕەنگی سووریش هاوبەشە.

نەخشەی (٣)
گۆڕانی /ر/ بە /ڕ/



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە
١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.
٢. بەرنامەی ((Arc GIS
٣. خشتەی (٣)

**٤.١.١.٤. گۆڕانی /ێ/ بە /ی/:**

وەک ئاماژەی پێدرا، /ێ/ لە هەندێک وشەدا دەگۆڕێت بە/ی/. دوای سەردانکردنی ناوچەی توێژینەوە، دەرکەوت ئەم دیاردەیە لە(٧٥) شوێندا هەیە، دەکاتە نزیکەی (٪٥٥)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(٤٨) شوێندا نییە، واتە /ێ/ ناگۆڕێت، ئەمەش دەکاتە نزیکەی (٪٣٥)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(١٣) شوێنیشدا هەردوو دەنگەکە بەکاردێن، واتە هاوبەشە، دەکاتە نزیکەی (٪١٠)ی ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (٤)
گۆڕانی /ێ/ بە /ی/

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | /ی/ | 75 | 55.1 | 55.1 | 55.1 |
| | /ێ/ | 48 | 35.3 | 35.3 | 90.4 |
| | /ێ ، ی/ | 13 | 9.6 | 9.6 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

شێوەی (٤)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٤)

دوای دابەزاندنی داتاکانی خشتەی (٤)، لەسەر نەخشە، ئەو شوێنانەی دیاردەکەی تێدایە، ڕەنگی (سپی)یە، ئەو شوێنانەش دیاردەکەی تێدانییە، واتە /ێ/ ناگۆڕێت، ڕەنگی (سەوزی کاڵ)ە، ئەو شوێنانەش هەردو دەنگەکەیان تێدا بەکاردێت، بە (پەمەیی تۆخ) ڕەنگکراون.

نەخشەی (٤)

گۆڕانی /ێ/ بە /ی/




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی هەولێر، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە.
٢. بەرنامەی ((Arc GIS
٣. خشتەی (٤).

### ٥.١.١.٤. گۆڕانی /و/ی کۆتایی بە /ی/:


لە(٢-٣-١-٥)دا، ئاماژە بەوە درا /و/ی کۆتایی، لە هەندێک وشەدا، لە گۆڤەری کۆیە دەبێت بە /ی/. لەسەردانی ناوچەی توێژینەوە دەردەکەوێت ئەم دیاردەیە لە(٨١) شوێندا هەیە، دەکاتە نزیکەی (٪٥٩)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(٣١) شوێندا نییە، دەکاتە نزیکەی (٪٢٣)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(٢٤) شوێندا هاوبەشە، واتە وشەکان بە هەردو دەنگ دەردەبڕرێن، ئەمەش دەکاتە نزیکەی (٪١٨)ی ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی (٥)

**گۆڕانی /و/ی کۆتایی بە /ی/**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | /ی/ | 81 | 59.6 | 59.6 | 59.6 |
| | /و/ | 31 | 22.8 | 22.8 | 82.4 |
| | /ی ، و/ | 24 | 17.6 | 17.6 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

شێوەی (٥)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٥).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشەی ناوچەی توێژینەوە، بەم شێوەیە دەبێت: ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیەی تێدایە ڕەنگیان سپییە، ئەو شوێنانەش دیاردەکەی تێدانییە، واتە /و/ی کۆتایی ناگۆڕێت، ڕەنگی مۆرە. ڕەنگی سەوزیش ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنانەی هاوبەشن.

نەخشەی (٥)

گۆڕانی /و/ی کۆتایی بە /ی/




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی هەولێر، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە.
٢. بەرنامەی (Arc GIS).
٣. خشتەی (٥).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

بەشێوەیەکی گشتی، شوێنە هاوبەشەکان (تێکەڵ)، دەکەونە سنوری نێوان هەبون و نەبونی دیاردەکە، واتە شوێنی لێکدانی شەپۆلی گۆڕانەکەیە.

### ٦.١.١.٤. گۆڕانی /و/ بە /ۆ/ :

لە(٢-٣-١-٦)دا ئاماژە بەوە کرا، کە لە گۆڤەری کۆیە، لە هەندێک وشەدا /و/ دەبێت بە /ۆ/. لە سەردانی ناوچەی توێژینەوەدا دەرکەوت: لە (٦٥) شوێندا ئەم دیاردەیە هەیە، دەکاتە نزیکەی (٤٨٪)ی ناوچەی توێژینەوە. لە (٤٦) شوێندا نییە، دەکاتە نزیکەی (٣٤٪)ی ناوچەی توێژینەوە و (٢٥) شوێنیش ناوچەی تێکەڵن، واتە وشەکان بە هەردو شێوە گۆدەکەن، ئەمەش نزیکەی (١٨٪)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە.


خشتەی (٦)

**گۆڕانی /و/ بە /ۆ/**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | /ۆ/ | 65 | 47.8 | 47.8 | 47.8 |
| | /و/ | 46 | 33.8 | 33.8 | 81.6 |
| | /و ، ۆ/ | 25 | 18.4 | 18.4 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (٦)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٦).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشەی ناوچەی توێژینەوە، نەخشەی (٦) بەرهەمدێت؛ ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیەی هەیە، بە ڕەنگی(سپی) دیاری کراون، ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیە نییە، ڕەنگیان(شین)ە و ناوچەی تێکەڵیش ڕەنگی (پەمەیی)یە.

نەخشەی (٦)

گۆڕانی /و/ بە /ۆ/



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی (Arc GIS).)

٣. خشتەی (٦).

بەشێوەیەکی گشتی، شوێنە هاوبەشەکان (تێکەڵ)، دەکەونە سنوری نێوان هەبون و نەبونی دیاردەکە، واتە شوێنی لێکدانی شەپۆلی گۆڕانەکەیە.

### ٧.١.١.٤. تێچونی /ێ/ :

لە (٢-٣-١-٧)دا باسکرا، /ێ/ کاتێک بەدوای فۆنیمی / و/دا دێت، لە هەندێک وشەدا تێدەچێت. لەسەردانی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت: لە (٥٧) شوێندا ئەم دیاردەیە هەیە، دەکاتە نزیکەی (٤٢٪)ی ناوچەی توێژینەوە. لە (٥١) شوێندا نییە، دەکاتە نزیکەی (٣٧٪) ی ناوچەی توێژینەوە و (٢٨) شوێنی تێکەڵ هەن، دەکاتە نزیکەی (٢١٪)ی ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (٧)

**تێچونی /ێ/**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | هەیە | 57 | 41.9 | 41.9 | 41.9 |
| | نییە | 51 | 37.5 | 37.5 | 79.4 |
| | هاوبەش | 28 | 20.6 | 20.6 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (٧)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٧).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشەی ناوچەی توێژینەوە، نەخشەی (٧) بەرهەمدێت: ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیان هەیە، بە ڕەنگی(سپی) دیاری کراون، ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیان نییە، ڕەنگیان(سەوز)ە و ناوچەی تێکەڵیش ڕەنگی (زەرد)ە.

نەخشەی (٧)

تیچونی /ێ/



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی (.Arc GIS)

٣. خشتەی (٧).

بەشێوەیەکی گشتی، شوێنە هاوبەشەکان (تێکەڵ)، دەکەونە سنوری نێوان هەبون و نەبونی دیاردەکە، واتە شوێنی لێکدانی شەپۆلەکانە.

**٨.١.١.٤. تیچونی /و/:**

لە (٢-٣-١-٨)دا ئاماژە بەوە کرا، لە هەندێک وشەدا، کاتێک فۆنیمەکانی/و/، /ێ/ بەدوایەکدادێن، /و/ تێدەچێت. بە سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت: ئەم دیاردەیە لە (٦٣) شوێندا هەیە، دەکاتە نزیکەی (٪٤٦)ی ناوچەی توێژینەوە، بەڵام لە (٥٥) شوێندا نییە، دەکاتە نزیکەی (٪٤١)ی ناوچەی توێژینەوە و (١٨) شوێنی تێکەڵیش هەن، نزیکەی (٪١٣)ی ناوچەی توێژینەوە داگیردەکەن.


خشتەی (٨)

**تیچونی /و/**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | هەیە | 63 | 46.3 | 46.3 | 46.3 |
| | نییە | 55 | 40.4 | 40.4 | 86.8 |
| | هاوبەش | 18 | 13.2 | 13.2 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (٨)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٨).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشەی ناوچەی توێژینەوە، نەخشەی (٨) بەرهەمدێت؛ ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیان هەیە، بە ڕەنگی(سپی) دیاری کراون، ئەو شوێنانەی ئەم دیاردەیان نییە، ڕەنگیان(خۆڵەمێشی)یە و ناوچەی تێکەڵیش ڕەنگی(مۆر)ە.

نەخشەی (٨)

تیچونی /و/



Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە
١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.
٢. بەرنامەی (.Arc GIS).
٣. خشتەی (٨).

بەشێوەیەکی گشتی، شوێنە هاوبەشەکان (تێکەڵ)، دەکەونە سنوری نێوان هەبون و نەبونی دیاردەکە، واتە شوێنی لێکدانی شەپۆلی گۆڕانەکەیە.

**٩.١.١.٤. دەنگەگۆڕکێی /ح / و /ع/:** لە (٢-٣-١-٩)دا باسکرا، کە دیاردەی دەنگەگۆڕکێی /ح/ و /ع/، لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە، بەڵام ئاخێوەرانی کۆیە، پەیڕەوی ناکەن. بەسەردانی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت: ئەم دیاردەیە لە (٤٨) شوێندا هەیە، کە دەکاتە نزیکەی (٪٣٥)ی ناوچەی توێژینەوە. لە شوێنەکانی تری ناوچەی توێژینەوەدا نییە.


خشتەی (٩)

**دەنگەگۆڕکێی /ح/ و /ع/**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | هەیە | 48 | 35.3 | 35.3 | 35.3 |
| | نییە | 88 | 64.7 | 64.7 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |


سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٩).

نەخشەی (٩)
دەنگەگۆڕکێی /ح/ و /ع/




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە
١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.
٢. بەرنامەی.(Arc GIS)
٣. خشتەی (٩).

شەپۆلی ئەم دیاردەیە، لە گۆڤەرەکانی هەولێر و خۆشناوەتییەوە بەرەو کۆیە هاتووە و نەگەیشتۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە.

## ٢.١.٤. تایبەتمەندیی وشەسازی :

**١.٢.١.٤. جێناوی کەسیی سەربەخۆ** : لە (٢-٣-٢-١) دا باس لە جێناوە کەسییە سەربەخۆکانی گۆڤەری کۆیە کرا. لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت: (٩١) شوێن، دەکاتە نزیکەی (٪٦٧)ی ناوچەی توێژینەوە، جێناوە کەسییە سەربەخۆکان هاوشێوەی کۆیە بەکاردەهێنن. (٣٠) شوێن، دەکاتە نزیکەی (٪٢٢)ی ناوچەی توێژینەوە، شێوە ستانداردی کوردیی ناوەڕاست بەکاردەهێنن (من-ئێمە، تۆ-ئێوە، ئەو-ئەوان). لە (١٤) شوێن هەردو شێوە جێناوی کەسیی سەربەخۆ بەکاردێت، واتە تێکەڵن، (١) شوێنیش، گوندی (سێکانی)ی سەر بە ناحیەی سێگردکان، دەستەیەک جێناوی کەسیی سەربەخۆی تایبەتیان هەیە، لە دەنگە بزوێنەکاندا لەگەڵ ستانداردەکە تا ڕادەیەک جیاوازە: (من- ئیمە، تو- ئیوە، ئەوی- ئەوان).


خشتەی (١٠)

**جێناوی کەسیی سەربەخۆ**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | کۆیە | 91 | 66.9 | 66.9 | 66.9 |
| | ستاندارد | 30 | 22.1 | 22.1 | 89.0 |
| | هاوبەش | 14 | 10.3 | 10.3 | 99.3 |
| | تایبەت | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (١٠)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٠).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشەی ناوچەی توێژینەوە، نەخشەی (١٠) بەرهەمدێت: ئەو شوێنانەی جێناوە کەسییە سەربەخۆکانیان هاوشێوەی کۆیەن، بە ڕەنگی(سپی) دیاری کراون، ئەو شوێنانەی ستاندارد بەکاردەهێنن، ڕەنگیان(سەوز)ە و ناوچەی تێکەڵیش ڕەنگی (شین)ە. هەروەها ناوچەی تایبەت، ڕەنگی (سور)ە.

نەخشەی (١٠)

جێناوی کەسیی سەربەخۆ



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.
٢. بەرنامەی.(Arc GIS).
٣. خشتەی (١٠).

**٤-١-٢-٢/ کاری ڕابردوی تەواو :**

لە(٢-٣-٢-٢)دا ئاماژە بە جیاوازیی نیشانەی ڕابردوی تەواو لە گۆڤەری کۆیە کرا. لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت: (٨٧) شوێن (ی/یە) نیشانەی ڕابردوی تەواوە: سوتایە، خورایە، کردییە، ...هتد، دەکاتە (٦٤٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (٤٩) شوێن ستاندارد بەکاردەهێنن: سوتاوە، خوراوە، کردووە، ...هتد، دەکاتە (٣٦٪)ی ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (١١)

ڕابردوی تەواو

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | یە | 87 | 64.0 | 64.0 | 64.0 |
| | وە | 49 | 36.0 | 36.0 | 100.0 |
| | Tota l | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (١١)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١١).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشەی ناوچەی توێژینەوە، نەخشەی (١١) بەرهەمدێت: ئەو شوێنانەی نیشانەی کاری ڕابردوی تەواو (ی/ یە) بەکاردەهێنن، بە ڕەنگی(سەوز) دیاری کراون، ئەو شوێنانەی ستانداردن، ڕەنگیان(مۆر)ە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

نەخشەی (١١)

کاری ڕابردوی تەواو



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی.(Arc GIS).

٣. خشتەی (١١).

٤-١-٢-٣ / نیشانەی ڕانەبردو (ئەسپێکت):

لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت: لە (١٢٤) شوێندا، (دە) ئەسپێکتی کاتی ڕانەبردووە، دەکاتە (٩١٪)ی ناوچەی توێژینەوە، بەڵام لە (١٢) شوێندا (ئە) ئەسپێکتی کاتی ڕانەبردووە، دەکاتە (٩٪)ی ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (١٢)

**نیشانەی ڕانەبردو (ئەسپێکت)**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | دە | 124 | 91.2 | 91.2 | 91.2 |
| | ئە | 12 | 8.8 | 8.8 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (١٢)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٢).

جێی سەرنجە، (د)ی ئەسپێکتەکە لە کاری ناسادەدا، لە(٧) شوێن تێدەچێت. بۆ نمونە دەڵێن :

- چاوت ماچەکەم. (ماچ دەکەم).
- تێیەچێت. (تێدەچێت).
- پێیەرێم. (پێی دەرێم).

نەخشەی (١٢)

نیشانەی ڕانەبردو (ئەسپێکت)



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی.(Arc GIS).

٣. خشتەی (١٢)

**٤-١-٣/ تایبەتمەندیی ڕستەسازی :**

**٤-١-٣-١/ دۆخ :**

**٤-١-٣-١-١/ نیشانەی مێ:**

لە(٢-٣-٣-١)دا باس لە بونی نیشانەکانی دۆخی ڕەگەزەکانی (نێر و مێ)، لە شێوەئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی گۆڤەری کۆیە کرا. بە سەردانی ناوچەی توێژینەوە، دەرکەوت (ێ) لە (٣٢) شوێندا نیشانەی مێیە و دەچێتە سەر ناو، دەکاتە نزیکەی (٢٤٪)ی ناوچەی توێژینەوە. لە (٥٠) شوێندا (ی) ئەم ئەرکە دەبینێت و نیشانەی مێیە، نزیکەی (٣٧٪)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە. (١٠) شوێنی تێکەڵ هەن، هەردو مۆرفیم (ێ، ی) بە نیشانەی مێ بەکاردەهێنن، ئەمیش نزیکەی (٧٪)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە. لە (٤٤) شوێنیشدا نیشانەی مێ دەرناکەوێت، واتە نییە، دەکاتە نزیکەی (٣٢٪)ی ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (١٣)

دۆخ-نیشانەی مێ

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | (ێ) | 32 | 23.5 | 23.5 | 23.5 |
| | (ی) | 50 | 36.8 | 36.8 | 60.3 |
| | (ێ،ی) | 10 | 7.4 | 7.4 | 67.6 |
| | نییە | 44 | 32.4 | 32.4 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (١٣)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٣).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشە، نەخشەی (١٣) بەرهەمدێت، هەریەک لە داتاکان بە ڕەنگی جیاواز خراونەتەڕو .

نەخشەی (١٣)

نیشانەی (مێ)



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی.(Arc GIS)

٣. خشتەی (١٣)

ەروەها (ێ)ی نیشانەی مێ، جارێکی تریش دەردەکەوێت، کاتێک دەوترێ:

| ز | ستاندارد | مێ | کۆیە | مێ |
|---|---|---|---|---|
| ١. | ئازاد خەڵکی هەولێرە. | / | ئازاد خەرکی هەولێریە. | ێ |
| ٢. | ئازاد لە هەولێرە. | / | ئازاد لە هەولێریە. | ێ |
| ٣. | ئازاد چووە بۆ هەولێر. | / | ئازاد چویتە هەولێرێ. | ێ |

لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت، (ێ)ی نیشانەی (مێ١) لە (٧٦) شوێندا دەردەکەوێت، کە دەکاتە (٥٦٪)ی ناوچەی توێژینەوە و لە شوێنەکانی تر دەرناکەوێت.


خشتەی (١٤)

**دۆخ- نیشانەی مێ١**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | (ێ) | 76 | 55.9 | 55.9 | 55.9 |
| | (نییە) | 60 | 44.1 | 44.1 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (١٤)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٤).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشە، نەخشەی (١٤) بەرهەمدێت، هەریەک لە داتاکان بە ڕەنگی جیاواز خراونەتەڕو.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

نەخشەی (١٤)

نیشانەی (مێ ١)



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی.(Arc GIS)

٣. خشتەی (١٤)

**٤-١-٣-١-٢ / نیشانەی نێر :**

لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە، دەرکەوت (ی)ی نیشانەی نێر، لە(٨٩) شوێندا دەردەکەوێت، دەکاتە نزیکەی (٦٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە و لە شوێنەکانی تردا دەرناکەوێت.


خشتەی (١٥)

**دۆخ- نیشانەی نێر**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | (ی) | 89 | 65.4 | 65.4 | 65.4 |
| | نییە | 47 | 34.6 | 34.6 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (١٥)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٥).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشە، نەخشەی (١٥) بەرهەمدێت، هەریەک لە داتاکان بە ڕەنگی جیاواز خراونەتەڕو.

نەخشەی (١٥)

نیشانەی نێر



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.

٢. بەرنامەی.(Arc GIS)

٣. خشتەی (١٥)

شەپۆلی ئەم دیاردەیە نەگەیشتووە بە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە؛ بە درێژایی زێی بچوک تەنیا لە دو شوێندا نیشانەی دۆخی نێر هەیە . گەر بەراوردێکی نەبونی نیشانەکانی دۆخی (مێ١) و (نێر) بکەین، دەبینین :

- نیشانەی (مێ١) لە (٦٠) شوێندا نییە.
- نیشانەی (نێر) لە (٤٧) شوێندا نییە.
- لەم دو نیشانەیەدا (٤٦) شوێنیان هاوبەشن، واتە هیچ نیشانەیەکی دۆخیان نییە .
- لە(١) شوێن (داریەسەر)، نیشانەی (نێر) نییە، بەڵام (مێ١) هەیە.
- )لە(١٤) شوێن، نیشانەی (مێ١) نییە، بەڵام نیشانەی (نێر) هەیە.

ئەمەش ئەو تێکەڵبون و بەناویەکداچونی هێڵی سنوری دیاردەکان دەسەلمێنێت کە لە بەشی سێیەمدا باسکرا.

**٤-١-٣-٢/ ئامرازی دانەپاڵ :**

لە(٢-٣-٣-٢)دا ئاماژە بە ئامرازی دانەپاڵ کرا. لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە، دەرکەوت: ئامرازی دانەپاڵ لە (٧٤) شوێندا(ێ)یە، دەکاتە نزیکەی (٥٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (٤٤) شوێن (ی)بەکاردەهێنن، دەکاتە نزیکەی (٣٢٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (٨) شوێنی تێکەڵ هەن هەردو فۆرمی ئامرازەکە، (ێ،ی)، بەکاردەهێنن، دەکاتە نزیکەی (٦٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (١٠) شوێنی تریش هەن، ئامرازی دانەپاڵیان نییە، دەکاتە نزیکەی (٧٪)ی ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (١٦)

ئامرازی دانەپاڵ

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | ێ | 74 | 54.4 | 54.4 | 54.4 |
| | ی | 44 | 32.4 | 32.4 | 86.8 |
| | ێ،ی | 8 | 5.9 | 5.9 | 92.6 |
| | نییە | 10 | 7.4 | 7.4 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (١٦)





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٦).

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشە، نەخشەی (١٦) بەرهەمدێت و کەتواری دیاردەکە دەخاتەڕو

نەخشەی (١٦)

ئامرازی دانەپاڵ



١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.
٢. بەرنامەی.(Arc GIS).
٣. خشتەی (١٦).

توێژەر پێیوایە، ئەو شوێنانەی ئامرازی دانەپاڵ بەکارناهێنن، لەژێر کاریگەریی شێوەزاری گەرمیاندان، بەتایبەت گوندەکانی سەر زێی بچوک، وەک لە نەخشەکەدا دیارە. لە شێوەزاری گەرمیان دەڵێن :

 ئەچم بۆ ماڵ خاڵۆم. (ماڵ خاڵۆم) گرێیەکی ناوییە و بەبێ ئامرازی دانەپاڵ بەرهەمهاتووە.

٤-١-٣-٣ / ڕیزبونی دیارخراو و دیارخەر :

لە(٢-٣-٣-٣)دا باس لە ڕیزبونی کەرەستەکانی گرێ لە گۆڤەری کۆیە کرا، لەسەردانی ناوچەی توێژینەوە، دەرکەوت: لە (١٠٨) شوێندا ڕیزبونی کەرەستەکانی گرێ ئاساییە و دیارخەر دەکەوێتە کۆتاییەوە، دەکاتە نزیکەی (٧٩٪)ی ناوچەی توێژینەوە. لە (٢٨) شوێندا ڕیزبونەکە پێچەوانە دەبێتەوە و دیارخەر دەکەوێتە سەرەتاوە، دەکاتە نزیکەی (٢١٪)ی ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (١٧)

ڕیزبونی دیارخراو و دیارخەر

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | دیارخراو + دیارخەرA | 108 | 79.4 | 79.4 | 79.4 |
| | دیارخەر + دیارخراوB | 28 | 20.6 | 20.6 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە.

شێوەی (١٧)




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٧).

لەو شوێنانەی ڕیزبونی (B) پەیرەو دەکەن، دەڵێن :

- بە (کاکم عەلی) دەرێم، ئیشەکەت لۆ بکا.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145

| ڕێزبونی (A) | ڕێزبونی (B) |
|---|---|
| عەلی کاکۆ/ کاکە عەلیم | کاکۆ عەلی |
| ڕەحمەی پلکم / پلە ڕەحمەم | پلکم ڕەحمە |

بە دابەزاندنی ئەم داتایانە لەسەر نەخشە، نەخشەی (١٧) بەرهەمدێت و کەتواری دیاردەکە دەخاتەڕو، ئەو شوێنانەی ڕێزبونی ( (Bدەردەبڕن، بە ڕەنگی سەوز دیاری کراون.

نەخشەی (١٧)

ڕێزبونی دیارخراو و دیارخەر



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە
١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.
٢. بەرنامەی.(Arc GIS)
٣. خشتەی (١٧).

**ئەنجام:**

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا ئەم ئەنجامانە هەڵدەهێنجین:
١. گۆڤەری کۆیە، بەگشتی، گۆڤەرێکی تێکەڵە. واتە شوێنی لێکدان و تێکەڵبونی شەپۆلی گۆڤەرە دراوسێکانیەتی، بەڵام خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی .
٢. سنوری کارگێڕیی قەزای کۆیە، کاریگەریی لەسەر جۆراوجۆریی دیاردە زمانییەکانی گۆڤەرەکە نەبوە.
٣. سنوری گۆڤەرەکە بەپێی جیاوازیی دیاردەکان دەگۆڕێت.
٤. لە زۆربەی دیاردە زمانیەکاندا، ناوچەی تێکەڵ (هاوبەش) هەیە، دەکەونە خاڵی بەریەککەوتن و یەکترشکاندنی شەپۆلە جیاوازەکان.
٥. شارەدێ و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی قەزای کۆیە، بەگشتی، لە هەندێک دیاردە و کەرەستەی زمانیدا جیاوازییان لەگەڵ شێوەئاخاوتنی ناو شاری کۆیە هەیە و لەگەڵ گۆڤەری دوکان و شێوەزاری سلێمانیدا هاوبەشیی زیاتریان هەیە.
٦.کات، کاریگەریی لەسەر گۆڕانی گۆڤەرەکە هەیە و بە تێبینیکردنی شێوازی ئاخاوتنی گەنج و پیرەکان (لە هەندێک دیاردە و کەرەستەی زمانی) دەرکەوت، گۆڤەرەکە لە گۆڕاندایە .

٧. بەهۆی تێکەڵبونی ئاخێوەران و ڕاگەیاندن و خوێندن و هەبونی زانکۆی کۆیە لە دەڤەرەکەدا، هەست بە کەمبونەوەی جیاوازییە زمانییەکان دەکرێت لە گۆڤەرەکەدا.

ڕاسپاردە و پێشنیاز :

هەندێک شوێن لە سنوری ناوچەی توێژینەوە، پێویستیان بە توێژینەوەی زیاتر هەیە و باشترە بە (تیۆریی شەتڵی ڕووەکی – تۆوی ڕووەکی) توێژینەوەیان تێدا بکرێت، بۆ نمونە (ئۆمەر گومبەت، سێگردکان و کانی لەلە)، (کانی دەربەند، بانەقەڵاتی شێخان، گورزەیی و شاخەپیسکە)، (سماقوڵی سەروچاوە)، (سێکانی).

**لیستی سەرچاوەکان:**


استیتیة، سمیر شریف، (٢٠٠٨)، اللسانیات المجال ، والوظیفة ، والمنهج . ط ٢ . عمان- الاردن : عالم الکتب الحدیث، دارا للکتاب العالمی.

بشر، کمال، (١٩٩٧)، علم اللغة الاجتماعي (مدخل)، القاهرة، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع.

بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول و ڕەشید، سەباح، (٢٠١٣)، بڵاوبوونەوەی زار و زمانەکان لەژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆڵەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە: ٢٦، ل ٢١ - ٣٦.

حمد، شیروان حسین و حمەصالح، تاڤگە عمر، (٢٠١٩)، چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی لە گۆڤەری کۆیەدا، کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، زانکۆی کۆیە: ٢١٩ - ٢٢٦ .

حەمەخورشید، فوئاد، (١٩٨٥)، زمانی کوردی- دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، و: حەمەکەریم هەورامی، بەغدا، افاق عربیة .

الخولی، محمد علی، (٢٠٠٠)، مدخل الی علم اللغة، الاردن: دار الفلاح للنشر و التوزیع.

رسول، صلاح حویز، (٢٠١٩)، هەندێ لەو مۆرک و تایبەتمەندییانەی شێوەزاری کۆیە، کە کۆییەکانی پێ دەناسرێنەوە، کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، زانکۆی کۆیە: ٢٢٧ - ٢٤١.

سالح، دەروون عەبدولڕەحمان، (٢٠١٠)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، سلێمانی: کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی.

السمرائی، ابراهیم، (١٩٨١)، التطور اللغوی التاریخی،.الطبعة الثانیة، بیروت، دار الاندلس للطباعة و النشر.

سوسور، فردینان دی، (١٩٨٨)، علم اللغة العام. ترجمة: یوئیل یوسف عزیز، الموصل، بیت الموصل.

سەعید، کامەران تاهیر، (٢٠٠٨)، قەزای کۆیە- لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

سەعید، یوسف شەریف، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ڕێکخراوی زماناسی.

شەمس، هێمن عەبدولحەمید، (٢٠٠٦)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، زانکۆی کۆیە، نامەی ماستەر.

طلیمات، غازی مختار، (١٩٩٧)، في علم اللغة، دمشق، دار طلاس للدراسات و الترجمة و النشر.

عبدالتواب، رمضان، (١٩٩٧)، المدخل الی علم اللغة و مناهج البحث اللغوي، الطبعة الثالثة، القاهرة، مكتبة الخانجی بالقاهرة.

عبداللە، سۆران عبدالفتاح، (٢٠١٣)، ئاوی ژێر زەوی لە قەزای کۆیە و بەکارهێنانی. زانکۆی دهۆک، نامەی ماستەر.

العزاوي، نعمة رحيم، (٢٠٠١)، مناهج البحث اللغوي بين التراث و المعاصرة، منشورات المجمع العلمي.

عەصاف، هیوا ئەحمەد، (٢٠١٣)، بەرژەوەندیی مرۆڤ و دروستبوونی زار، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە: ٢٧، ل٥٧- ٧٦.

غلفان، مصطفی، (٢٠١٠)، فی اللسانیات العامة تاریخها، طبیعتها، موضوعها، مفاهیمها، بنغازی- لیبیا، دار الكتاب الجدید المتحدة.فەتاح، محەمەدمەعروف، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.

كزار، حسن، (٢٠١٨)، اللسانيات الاجتماعية في الدراسات العربية الحديثة التلقي و التمثلات. بيروت.

کەمریَ، بێرنارد، جێرد دایەمەند، دەوگ واڵن، ک. دەیڤید هاریسن، (٢٠٠٧)، زمان. وەرگێڕان: کامیل محەمەد قەرەداخی، سلێمانی، تیشک.

مارف، ئەورەحمانی حاجی، (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی/ وشەسازی (کردار)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

مرابط، محمد حمزة، (٢٠٠٩)، ترجمة الخصوصيات الثقافية فی الرواية المغاربية و اشكالية التلقی - فی 'الطفولة' نموذجا، الجزائر: جامعة الاخوة منتوری - قسنطينة -كلية الاداب و اللغات - قسم الترجمة، رسالة ماجستير.

مەلازادەیی، یارا قادر حەمەد، (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

نهر، هادي، (١٩٨٨)، علم اللغة الاجتماعي عند العرب، بيروت، دار الغضون.

هدسن، (١٩٨٧) علم اللغة الاجتماعي، ترجمة: محمود عبدالغني عياد، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

الوافی، علی عبدالواحد، (١٩٧١)، اللغة و المجتمع، القاهرة: دار نهضة مصر للطبع و النشر.

ئەحمەد، شەیما مەحمود (٢٠٢٣)، دەربڕینە ڕێژەییەکان لە زمانی کوردیدا، زانکۆی هەڵەبجە، نامەی ماستەر.

ئەمین، وریا عومەر، (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ئەمین، وریا عومەر، (٢٠١٦)، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.